ستران عەبدوڵڵا

# تێبینییەکانی حوزەیران

## خەم لەیەکێتیی.. خەم لەیەکێتییەکان



لەسەروبەندی یادی ٤٢ ساڵەی یەکێتیدا قسە لەسەر ئایندەی یەکێتی و ئەگەر و نەگەری بەستنی کۆنگرە گەرم بۆوە. لە هەموو ئاستەکاندا هەڤاڵان مافی خۆیان بەکارهێنا و قسەیان کرد. منیش وەک هەڤاڵێکی یەکێتی، ئەم زنجیرەم نووسی..

***

دەزانم کوردایەتییەکی باش سەرەتاکەی لە حزبایەتییەکی باشەوە دەست پێ دەکات و هەڤاڵی باشیش ئەو هەڤاڵەیە کە هەمیشە سەربەرزە لەناو یەکێتی بۆ ئەوەی یەکێتی لەناو کوردایەتی و کوردایەتیش لەو جەنجاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەربەرز بێت...

کارایی تێکۆشانی دیموکراتی و نەتەوەیی لەکارایی رۆڵی حزبیانە و ناسینی ئەرک و مافە حزبییەکانەوە، دەست پێ دەکات.

# تێبینییەکانی حوزەیران

# تێبینییەکانی حوزەیران

خەم لە یەکێتی.. خەم لە یەکێتییەکان

ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٧

کتێب: **تێبینییەکانی حوزەیران**

نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**

تیراژ: (٥٠٠)

چاپخانە: کارۆ

## ١

لەسەروبەندی یادی ٤٢ ساڵەی یەکێتیدا قسە و باس لە ئایندەی یەکێتی و ئەگەر و نەگەری بەستنی کۆنگرە گەرم بۆوە. لە هەموو ئاستەکاندا هەڤاڵان مافی خۆیان بەکارهێنا و قسەیان لەسەر ئەم پرسە کرد. منیش وەک هەڤاڵێکی یەکێتی، نە بە هیچ ناونیشانێکی حزبی، یان رۆژنامەوانیی، ئەو مافەم بەکارهێنا و زنجیرە وتاری تێبینیەکانی حوزەیرانم نووسی. ئەم زنجیرەیە روانینێکی رەخنەیی بوو، بەزمانی گوڵەکە، کە لە ئایندەدا هی تریشی لەسەر بڵێم. یانی ئەمە هەموو کێشەکان و ئەمە هەموو روانینەکان نییە لەسەر دۆخی یەکێتی، (هی تر مابوون لەسەر جۆرێک لە دیاردەی دەرکەوتنی پەیکەرەی چینایەتی و نفوزداری و هێزداری، کەدادو یەکسانی هەلودەرفەتەکان لەناو

یەکێتیدا لاواز و بگرە پەک دەخەن). بەڵام ئەمانەیان ئامادەبوو، بۆیە پێم باش بوو لەسەر ئەندێشەی دواتر پەکی نەخەم.

٢

هەروەها پێم باش بوو گوڵبژێرێکی تر لەو نووسینانە بکەم کە پێشتر لەسەر دۆخی یەکێتی، لەماوەی جیاجیا، نووسیوم و بڵاوبوونەتەوە. بە تایبەتی ئەوانەی وەکو پێشەکییەک و تەواوکارێکی (تێبینیەکانی حوزەیران) دەگونجێن.

٣

لەم پێشەکییە کورتەدا هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەندە وەک هەڤاڵێکی یەکێتی لە رەوتی خزمەتکردن لە ریزەکانی یەکێتیدا کەمترین وتارم لەسەر دۆخی ناوخۆیی یەکێتی نووسیووە و ئەوەی وتوومە زیاترینیان لەسەر سیاسەتی گشتی و داکۆکی کردن بووە لەو سیاسەتەو لە رێبازی مام جەلال و لە ئاستی پرۆسەی سیاسیی کوردستان و پێگە و بەرپرسیارێتی لە دۆسێی کوردایەتیدا، نەک کێشە دەروون حزبییەکان، بۆیە لەوانەیە لەو روەوە، لەرووی

ڕێکخراوەییەوە، حزبییەکی حەریف نەبم، بەڵام لە تێگەیشتنی خۆڕسکانەی خۆمەوە، وەکو ئەرکی زۆری خۆم دەزانم و گەرەکمە جێبەجێی بکەم، لانی کەمی مافی یەکێتیانەی خۆشم دەزانم و گەرەکمە دەستی لێ هەڵنەگرم. چونکە دەزانم کوردایەتییەکی باش سەرەتاکەی لە حزبایەتییەکی باشەوە دەست پێ دەکات و هەڤاڵی باشیش ئەو هەڤاڵەیە کە هەمیشە سەربەرزە لەناو یەکێتی بۆ ئەوەی یەکێتی لەناو کوردایەتی و کوردایەتیش لەو جەنجاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەربەرز بێت.

کارایی تێکۆشانی دیموکراتی و نەتەوەیی لەکارایی رۆڵی حزبیانە و ناسینی ئەرک و مافە حزبیەکانەوە، دەست پێ دەکات.

## فەسڵی یەکەم

# تێبینییەکانی حوزەیران

## (١)

دوو دۆخی سەرەکی هەیە لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە کە ئەمانەن:

١-بەستنی کۆنگرەیەك بۆ یەکێتی لەمساڵدا ئیستحقاقێکی دیموکراتی، حزبیانەی دواخراوەو مافی هەموو ئەندامێکی یەکێتییە لەسەر سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی کە ئەمانەتی ئەم حزبەی لایە.

٢-ئەم کۆنگرەیە پێویست دەکات کۆنگرەیەك بێت بۆ گۆڕانکاریو نوێکردنەوەی یەکێتی، نەك وەك ئارەزوو یان هیوایەك لە دڵو دەروونـدا بۆ یەکێتییەکی باشتر لە دیدی زۆرینەی یەکێتییەکانەوە، بەڵکو ئەمە (ناچاری) یەکە قۆناغی داهاتووی یەکێتی وەك ئاتاجێکی واقیعی بەسەر یەکێتیو یەکێتییەکاندا دەیسەپێنێ. بێ ئەم کۆنگرە چۆنایەتییە یەکێتی ناتوانێ لە داهاتوودا ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێ بە جۆرێك سەرمایەی بەرجەستەی

رابردووی یەکێتی بپارێزیو زۆنی خوێندنگەی مام جەلال بهێڵێتەوەو درێژەپێدانی رۆڵێکی سەنگینو شایان بۆ یەکێتی مسۆگەر بکات لەناو بازنەی کوردایەتی، لەناو کایەی پرۆسەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستانو عیراقو تەواوی (کوردستانەکان)و پەیوەستە ئیقلیمییەکانیاندا. جێبەجێنەکردنی ئەم ئەرکە نەك هەر پێشێلی مافی حزبیانەی یەکێتییەکانە، بەڵکو خۆدزینەوەیە لە ئەرکێك بەرامبەر یەکێتی و دوارۆژی ئەم حزبە کە دەبێو حەتمەن وایە بۆ سەرکردایەتی ئێستاش گرنگ بێت، با لەناو تیمی سەرکردایەتیشدا، وەك ئاستەکانی ناوەڕاستو خوارەوەش، دیدی جیاواز لەسەر ئەرکو مافەکانی بەرامبەر یەکێتیو دوارۆژەکەی هەبێت.

به کــــورتی و بە پوختی، ئەمە ناچارییەکە هەموو ژێرمەنـدێك دەرکــی پـێ دەکــاو یەکێتییەکان، کە خوێندکاری مامن، ژێرترینی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانن.

لـەم ئاستەدا کۆنگرەیەکی چۆنایەتی کـە (بۆچی) دوارۆژی یەکێتی دابین بکات هەم مـافو ئیستحقاقەو هەمیش ئەرکو پێویستییە. جا ئەگەر هەبن زۆر خەم لە ئیستحقاق و ماف نەخۆن، هیچ نەبێ با پەرۆشی ئەرك بن کە بۆنەی کۆبوونەوەی هەموو تێکۆشەرێکی حزبییە لەگەڵ حزبییەکانی هاوڕێبازی.

## (٢)

بێگومان پێویستی کۆنگرە وەك زەروریشە ڕووداوێکی حەتمی نییە کە هەر دەبێ ڕووبدات. دەشێ ڕوونەدات. مادام کۆنگرە بەستن کردەیەکی ئینسانییە، نەبەستنیشی هەروایە. کەس وا خۆشبین نەبێ ناچاری‌و پێویستی وەك زەرورەتی مێژوویی لەدواخستن نەهاتن سەیر بکات، وزەی نەبەستن دەتوانێ بەرەنگاری وزەی بەستن ببێتەوەو پرۆسەکە دوابخات وەك چەند جار لە ژیانی حزبایەتی هی یەکێتی‌و حزبەکانی تریش ڕوویداوە. بەڵام پەکخستنی پێویستی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دوای ئەوە هەموو شتەکان بە ڕەوتی خۆیاندا دەڕۆن. ئەسڵەن تەجرەبەی حزبی لەچەند ساڵی ڕابردوو دەری دەخات بەشێکی دیاردەی ژەنگهەڵهێنانی ژیانی حزبایەتی بەرهەندی کاڵبوونەوەی ڕۆڵی دامەزراوە حزبیەکان، بێ بەرییە فیکری‌و باوەڕییەکان، شەمژاندنی پرەنسیپە حزبیەکانیش، کاردانەوەیە بەرامبەر تەکەلوسی حزبی‌و لەجێ نەجولانی ڕێرەوی گۆڕانکاری‌و نۆبەتی کۆنگرە و پلنیۆم و بەرپرسیارێتی. تەوەلابوونی حزب‌و تێکچوونی شیرازەی ڕێکخراوەیی (ڕەوا) نییە لە ژیانی حزبایەتیدا، بەڵام کاردانەوەیەکی (ڕوون و ڕەوان)و ئاشکرای خنەخنی ژیانی

حزبایەتییە لە کوردستانو لەناو یەکێتیشدا. برا گەورەکان دەتوانن ئەم دیاردەیە وەك بێ پرەنسیپیو شپرزەیی هەڤاڵان وێنا بکەن، یان بیگێڕنەوە بۆ ناونیشانە گەورەکەی تەکەتولو باڵباڵێنە، بەڵام ئەم وێناکردنە خۆدڵنیاکردنەوەو لابردنی بەرپرسیارێتییە لەسەرشان. ئەمما لەسەر زەمینی واقیع رەوتەکە شتێکی تر دەبزوێنێو رەسمی داهاتوویەکی جیاواز لە ویستی هەمووومان دەکات.

گفتوگۆی راشکاوانە لە کۆربەندە حزبییەکان، لە ئەڵقەکانی گفتوگۆ تا پلنیۆمو کۆنگرەش دڵی هەمووان دەکاتەوەو زمانی هەمووان پاراو دەکات کە شتەکان بە ناوی خۆیانەوە بڵێن. ئەوی دەیبینین تەنها پریشکی لادانی حزبی، یان ئاگری دۆستانە نییە، بەڵکو گوزارشتە لە تەوەلابوون لە تەکەلوسی حزبیو ئەمە نەخۆشییەکە وەك هەر نەخۆشییەکی تری حزب، چارەسەری حزبی دەخوازێت.

## (٣)

خۆدزینەوە لە ئەرکی کۆنگرە هەر خۆدزینەوەیەکی بەرژەوەند ئامێزی ئەم هەڤاڵ، یان ئەویتریان نییە. بەڵکو ترسێکی رەوایە لەوەی کۆنگرە (کێشەکان) چارەسەر نەکات، بەڵکو قووڵتری بکاتەوە. ئەم ترسە راست و رەوایە لە سنوورێکی

دیاری کراودا، بەڵام ئەگەر ببێتە پەرچەمی بەرەنگاری خوویەکی خراپە. لە ترسی (پەرۆشی) یەوە دەبێتە فۆبیا، لە ترسی ژیرییەوە دەبێتە ترسنۆکی ئەژنۆشکێن کە لە هەڤاڵی یەکێتی ناوەشێتەوە.

ئەم ترسەیە وای کردووە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆنگرە نەنرێت. لەمەدا پەیڕەوی لە وتەی حزبی ناکەین، پەیڕەوی لە پەندو باوی ماملێ دەکەین کە (بەختێ لە ئەزەل سیا چارە بێ، دەستی لێ مەدەن با ئاوارە بێ) یانی دەستی لێ مەدەن با ئاوارە بێ باشترە، تا ئەوەی لەوە خراپتر بێت.

ئەم ترسە ڕەوایە لە سنوورێکی دیاریکراودا بەو مانایەی دەبێ پەرۆشی قوڵنەکردنەوەی کێشەکان بین، بەڵام واقیعی حاڵ دەڵێ هەموو ئەم کێشانەی نامانەوێ لە کۆنگرە ڕووبدەن وا لە پشتمانەوە، لە پێشمانەوە، لە تەنیشتمانەوە ڕۆژانە ڕوودەدەن. بوونەتە خۆرەی گیانی حزبەکەمانو لەتمەمان لێ دەدەن. ئەو ناکۆکییانەی ناخوازین لە ڕاڕەوەکانی کۆنگرە بتەقێنەوە، وا لە کۆڵانەکانی شارو لە پەناو پەسێوی فەیسبووك و سەکۆی ڕۆژنامەکان دەتەقنەوەو ڕوو دەدەن. ترس لە کۆنگرە لەبەر ناکۆکی کێشمەکێش دەبێتە ترسێکی بێ مانا کە دەبینین کێشمەکێش و ناکۆکی خۆیان لەسەر وادەی کۆنگرەکان، زەمانو زەمینی کۆنگرەکان، پەك ناخەنو هەر ڕوویان داوەو ڕوودەدەن.

ئەزموونی کۆی ژیانی حزبایەتی پێش نەخۆشکەوتنی مام و دوای ئەوەش پێمان دەڵێن کارو کاردانەوەی ناکۆکییەکان وەك جۆگەلەی ژیان شوێن بۆ تێپەڕینی خۆیان دەکەنەوە، جا کۆنگرە ببەسترێ، یان ڕێی لێ ببەسترێ.

ئەوە راستە کە بێباکی لە کێشەکانی ناو کۆنگرە بێ دەربەستییە، بەڵام چاوداخستن لە ئاست ئەو کێشانەی دەبێ هی ناو کۆنگرە بن,و لە ڕەوتی هاوشانی دواخستنی کۆنگرەدا لە دەرەوەی ژیانی ناوخۆیی حزب ڕوودەدەن، ئەویشیان شاشییەکە فەلاکەت ئامێز. لەو نێوەندەدا تەگبیری حزبایەتی چاك,و مەحکەم دەتوانێت ئەو ترسە دوو سەرەیە بڕەوێنێتەوە. لەمەشدا ژیری یەکێتییەکان حەکەمی فەسڵە.

## (٤)

لە دیوێکی تریشەوە قسە لەسەر بایەخی بەستنی کۆنگرە دەکەم. دیوی پەککەوتنی بڕیاری سیاسیی یەکلاکەرەوە لەناو یەکێتیی,و پابەندێتی هەمووان بە جێبەجێکردنییەوە. راستە لەناو حزبی سیاسیی خاوەن هەرەمی حزبی کارا لە گەڵاڵەکردنی بڕیاری یەکگرتوو و بڕیاری دیموکراسی پێکەوە (واتا بڕیاری یەکگرتوو و دیموکراسیش بێت لەیەك کاتدا) فلتەری دروستکردنی بڕیار زۆر گرنگە,و تا بڕیار

فراوانترین ڕەزامەندی لەسەر بێت ژینگەی جێبەجێکردنی بە دڵو بە گیانو خاوەندارێتی لێکردنی پتەوتر دەبێت. بەڵام لەڕاستیدا بەشێکی دواکەوتنی بڕیار لەناو یەکێتیو دژواری لەجێبەجێکردنی، دیسانەوە، پەیوەستی دیاردەی دواخستنی کۆنگرەو نەبەستنێتی. بێگومان بوونی دامەزراوەی جیاجیا: مەکتەبی سیاسیی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەنجومەنی ناوەندی (وەك پەرلەمانی یەکێتی)، کۆبوونەوەی فراوان تا بە پلنیۆم بە کۆنگرە دەگات، لەنێوان ڕاوێژ، بەشداری لە بڕیاردان و داڕشتنی نەخشەرێگاکان، لە هاتووچۆدانو بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ سەلاحیاتەکانیان لە گەڵاڵەی بڕیارداندا دیاری کراوە. بەڵام لە واقیعدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی چەندین وێستگە بووین کە گەڵاڵەی بڕیارەکان درەنگ دادەڕێژران، درەنگتر دەبوون بە بڕیاری یەکلاکەرەوەو لەسەر جێبەجێکردنیشی ناکۆکی دروست دەبوو. هەندێکی ئەو ناکۆکییانە پەیوەستی هاوسەنگیو لاسەنگی هێز، حوجەی مەنتیقیو توانای قەناعەتپێکردنی تازەو هەروەها گوشاری کادیرەکانی ئۆرگانەکانو جەماوەرو فەزای گشتی سیاسەت لە کوردستان بوون. هەندێکیشی پەیوەستی جەمسەربەندیو هاوتەریبی دەزگاکانو ناوەندەکان دەبوو. سەرەنجام ئەوی لە گوزارشتی زانستی ئیدارەدا پێی دەڵێن دەرچووەکان (مخرجات) جیاوازو فرە ئاڕاستەو پێچەوانەش دەبوون.

## (٥)

جاران لە حزوری کرداریی مامدا کارابوونو کارانەبوونی کۆی دامــەزراوەکــان، یـان هـەندێکیـان، ئـەم کێماسییە دەرنـەدەکـەوتـن. چونکە پـاوەری سیاسییو کاریزمای مام جـەلال هەموو ئەمانەی دادەپـۆشـی. مـام هـەم گۆچانی هەبوو، هەمیش چاویلکە،گۆچان بۆ راستکردنەوەی رێڕەو کە تووشی لادانی کاتی دەهات، چاویلکەش دووربینیو تیژ بینی مام بوو کە دوارۆژی ململانێو پێشهاتەکانی رەسم دەکرد. لەهەموو حاڵەتەکاندا ئیرادەی مام ئاکامی هەموو بڕیارو راسپاردەکانی دەگرتە ئەستۆ و هەمیشە دەیوت لە منەوە دەست پێ بکەنو رەخنە لە خۆم دەگرم. ئەوە وتەزای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیو کۆدی هاندانی رەخنە لەخۆ گرتنی هەڤاڵانو ترس شکاندنیشیان بوو لە بڕیاردانو دەستپێشخەریو رەچەشکاندندا. بێگومان ئەم خەزینی ئەزموونە لەبەردەستدایە تا هەڤاڵان لەهەموو ئاستەکاندا بڕیار بدەنو بەرپرسیاری هەڵبگرنو لەرەوتی کاردا ئازایانە راستبکەنەوەو دانپیانان بە کێماسی، بکەنە سەرەتای پڕکردنەوەی کێماسیو سەرچیغ چوونەکان. بەو حاڵەشەوە کە مام جەلال جگە لە شەرعیەتی سکرتێری گشتی شەرعیەتو رەوایی (مام)ی هەبوو، لە

دەورانی پێش نەخۆشیشدا پرسی کۆنگرە هەمیشە پرسێکی گەرمی ناو یەکێتیو ئەندێشەی ئاشکراو پەنهانی کادیرەکانی بوو.

## (٦)

ڕەوایی پێدان بە سەرکردایەتی نوێ، یان تەنانەت ڕەوایی پێدانەوە بە بەشێکی زۆر، یان کەمی، سەرکردایەتی ئێستا، شەرعیەتی دیموکراسی سەرکردایەتی ئەبدەیت دەکاتەوەو وزەو تینی دەداتــێ کە لە بڕیارەکانیدا پشت بەستوو بە دیموکراسی، نۆبەتو دەورانی دوو کۆنگرە، بێ پەروا بڕیار بداو پشت قایم بەو تەفویزە دیموکراتییە نوێکراوە، بەپێی قۆناغ، بڕیارەکان جێبەجێ بکاتو هەموو یەکێتییەکان ناچار بکات بە ڕەزامەندیی دیموکراتیو بە ئوسولی حزبی مولزەم پابەندی بڕیارو جێبەجێکردنی بن، پابەندی نەخشەڕێو ڕاسپاردەکان بنو جێبەجێی بکەنو لەناو خەڵکیشدا داکۆکی لێ بکەنو بۆیانی روون بکەنەوە کە ئەم بڕیارە چەند باشەو چۆن لە خزمەتی کوردستاندایە؟

لێرەوەیە تێکۆشەرانی حزبایەتی ئەو ڕاستییەیان بۆ دووپات دەبێتەوە کە حزب کردەیەکی جیایە لە یانەیەکی فیکری. ڕاستە حزب بێ بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاو ڕێبازی فیکری

نابێت، بەڵام حزب بەوە لەیانەی فیکری جیا دەبێتەوە کە بیرو فیکری بۆ پیادە کردنەو گەڵاڵەی ئەوەی پێی دەگات لە بواری فیکردا، لە بواری گفتوگۆو پێشنیازدا یەکی دەخاتو دەیکاتە یەك هەڵوێستو یەك کردار کە هەمووان داکۆکی لێ دەکەن. کەمینە لەو حاڵەدا ڕێزلێگیراو دەبێ، بەڵام بڕیاری بە زۆرینە دراو جێبەجێکراوە. یانەی فیکری بە گفتوگۆی زیاترو ئاڵۆگۆڕی بژاردە فیکرییەکان دەوڵەمەندتر دەبێ. بەڵام حزب بە سەفسەتەو بەرپەرچدانەوەو دژەبیرو بۆچوونو ئاڕاستە ماڵی وێران دەبێت. ئەبدەیتکردنەوەی شەرعیەتی سەرکردایەتیو ناوەندی گەڵاڵەکردنی بڕیارو نەخشەڕێگاکان بۆ هەر پرسێکی چارەنووسساز باعیسی ئەو هەموو بەریەککەوتنو فرە جەمسەرییە لە بڕیاردانی یەکێتیو سەرەنجام ناوبانگی یەکێتی تووشی داخۆران دەکاتو پرەستیجی سەرکردایەتیو سەنگی بڕیاری دێنێتە خوارەوە. لەوانەیە لەناو ئەو سەرکردایەتییەدا هەبێ بتوانێ بایەخی ڕێککەوتنێکی نوێمان لەگەڵ پارتی بۆ روون بکاتەوە. یان هەبێ بە ڕەوانبێژییەکی سیاسیی پێداگری لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان، یان تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵو یەکگرتوو بکاتو حوجەکانیشی مەنیقی بن، هەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان یان چاکیو باشی ریفراندۆممان بۆ دەربخات، بەڵام بڕیاری دروستو هیمەتی جێبەجێکردنی پەیوەستی سەرکردایەتییەکە شەرعیەتی بریندار نەبێو بە وادەی خۆیو ڕێوشوێنی خۆی ئەم شەرعیەتە

ئەبدەیت بکاتەوە تا بڕیاری سەنگی هەبیٚو جیٚبەجیٚکراو بیٚو ئۆرگانەکانی ئەو بریارە پەکدەخەن، وەك لادەرو پابەندنەبوو بە ئیرادەی حزب بناسریٚتو هەر لەڕیٚوە نیازو نیەتی ناحزبی لە شویٚنی خۆی ستۆپی پیٚ بکریٚت.

بڕیاری چارەنووسسازی وەك ریٚککەوتن لەگەڵ پارتی، لەگەڵ بەغدا، چوون بۆ ریفراندۆم، کاراکردنەوەی پەرلەمانو یاسای نویٚ بۆ سەرۆکایەتیی هەریٚمو بەرنامەی هەڵبژاردنی داهاتوو و تەنانەت گۆڕانکاری لە سیاسەتی یەکیٚتی تا بۆ قۆناغی داهاتوو گونجاو بیٚت و جوابی (یەکیٚتی بۆچی؟) (دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەم) بداتەوە، هەریەك لەمانە بەسە بۆ رەوایی داوای پیٚویستی ئەبدەیتکردنەوەی شەرعیەتو وەرگرتنەوەی سەرلەنویٚی تەفویزی دیموکراتی سەرجەم یەکیٚتییەکان.

## (٧)

سەرکردایەتی ئەمرۆ وەك دیفاکتۆی ئیٚستا دەتوانیٚ بڕیار بداتو لە ئوسولی حزبیشدا هەڵگەڕانەوەو لاساری تا ڕادەی زیانگەیاندن بە حزب کاریٚکی بڤەیە. بەڵام ئەم دیفاکتۆیە چونکە لە دڵەوە نییەو لە رەزای گشتییەوە نییە لە کرداردا خاو و خلیچکی تیٚدا دەکریٚو ئیرادەی جیٚبەجیٚکردنی لە

وێستگەیەکداو بگرە خوانەخواستە لە لێواری هەورازێکدا، دەپسێ. بەو هەموو فلتەرەوە کە بڕیارەکان فرەنو جێبەجێکردنیان پێکوتە دەکات، کێشەکان کەڵەکە بن. پاسۆردەکەی لای کۆنگرەو تەفویزی سەرکردایەتییە. لەوانەیە هەموو برادەران باش بن، هەموو بڕیارەکانیش باش بن، بەڵام کێشەیەك هەیە: پێویستە برادەرەکانو بڕیارەکانیان هیمەتو هەیبەتیان بە ئاوی حەیاتی کۆنگرەی نۆبەتیو خولەکی بشۆردرێت. دەنا پاژنەی ئەخیل لە تیری تیرئەندازان نەجاتی نابێت.

لە گەرمەی خەباتی شاخدا، یەکێتی بە تەشویقی مام جەلال راوێژی بە کۆمەلانی خەڵك دەکرد داخۆ موفاوەزات بکات لەگەڵ بەغدا یان نا؟ ئێستا بڕیاری گەورە گەورە دەدرێ کە چەتری شەرعیو تەفویزی دیموکراتی دەوێت وەك ئەوەی مام بۆ موفاوەزات کردی. بڕیار تەفویزی دەوێ بۆ جێبەجێکردن. کە نەبوو وەك ئەوە وایە کەنەبوو.

## (٨)

هەموو ئەو پێشبینیانەی لەم زنجیرە نووسینە رەخنەییەدا لەسەر یەکێتی وتمان راستی کێشە بونیادییەکەی یەکێتی دەردەخات کە پەکخستنی کۆنگرە دروستی کردووە. ئەمەش

ژیری‌و زیره‌کی‌و دۆزینه‌وه‌یه‌کی نوێی نووسه‌ری بابه‌ت ده‌رناخات به‌قه‌ده‌ر ئه‌وه‌ی ده‌ره‌نجامێکی سروشتی وه‌ك خۆی مانه‌وه‌ی کێشه‌کانه.

هونه‌ری ناوێ، چۆنی ئاڕاسته بکه‌ی، وا ده‌ڕوات، حاڵه‌تی متبوونی رووکه‌ش مانای ئه‌وه نییه ئاو له‌ژێرمانه‌وه نارواو جۆگه‌له‌ی ناکۆکی‌و گرفته‌کان شوێنی ده‌ربازبوون بۆ خۆیان نادۆزنه‌وه. چاره‌سه‌رییه‌که‌شی ئه‌وه‌نده ئاسانه مرۆڤ سه‌ری سوڕ ده‌مێنێ بۆچی ئه‌م که‌ره‌سته هه‌رزانه‌ی چاره‌سه‌ری نۆرماڵ وا له یه‌کێتی عاسێ بووه که به نرخی گرانیش په‌یدا نابێت؟:

هه‌ڤالان! پێویستمان به‌وه‌یه یه‌کێتی ببێته حزبێکی ئاسایی. وه‌کو حزبه‌کانی خه‌ڵق‌و خوای ئه‌م دنیایه. هیچ نه‌بێ له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا که که‌س له خۆڕا خه‌ونی ئه‌وه‌ی نییه وه‌ك رۆژئاوا له مۆدێلی سیاسه‌ت‌و حزبایه‌تیدا بکه‌ینه تۆپ. ئه‌گه‌رچی حزبایه‌تی له ئه‌سڵدا دیارده‌یه‌کی رۆژئاوایی‌و هی ده‌ورانی مۆدێرنێتێیه.

(٩)

یه‌کێتی له ده‌ورانی شۆڕشدا بزووتنه‌وه‌یه‌کی شۆڕشگێری بوو تا ئه‌وه‌ی حزبێکی ئاسایی وڵاتێکی خواپێداو. هه‌موو

حزبەكانی كوردستانیش هەروا بوون. لە ئاوارەیی‌و رەوشی ئاورتەو نهێنی كاری‌و كایەی شۆڕش‌و راپەڕین لەدایك بوون. هەروەها یەكێتی نیمچە بەرەیەكی كار بوو تا ئەوەی حزبێكی یەك دیسپلین‌و ناوەندیی بێت. بەڵام خۆ ئەم بەرەی كارە لەناو خۆیدا حزبی تری هەبوو (كۆمەڵە، شۆڕشگێران..هتد) كە هەموو پێوەرەكانی نەزمی حزبی تێدا بوو. ئەگەر حوجەو بەهانە ئەوە بێت یەكێتی لە شۆرشەوە هاتووەو شۆڕشیش پێوەرو حوكمی خۆی هەیە، خۆ لەدوای راپەڕینەوە قۆناغی شۆڕشمان تێپەڕاند. تەنانەت لە دۆخێكیشدا هێشتا زۆر ئەركی شۆڕشگێری ماوە بەو ئیعتبارەی زۆر ئەركی نیشتمانیی ماوە جێبەجێ نەبووە و ماویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە وەكو میكانیزمەكانی حزبێكی نۆرماڵی بچووكیش پەیڕەو ناكەین، خۆ دەستمان لە ئیمتیازو خەسڵەتە باشەكانی حزبی شۆڕشگێڕ هەڵگرتووە كە دەیتوانی لە دەرەوەی پێوەرە ئایدیالییەكان زۆر گرفتمان بۆ چارەسەر بكات.

وەكو ئەم گرفتانەش هەن. سیاسەتی رەسمی سەركردایەتیمان لە دوای نەخۆشكەوتنی مام جەلالەوە رێبازی مام جەلالیشیان وەك پاوەرێكی رەوایی بۆ دەستكارییەكی شۆڕشگێڕانەو بەرپرسانەی رەوتی كاركردنی یەكێتی بەكار نەهێنا.

لەبەرئەوە كێشەكان هەویان كردو سڕ بوون، لە جیاتی ئەوەی رێی چارەسەر بگرنەبەر. جا وەكو ئەو پاوەرەی مام جەلالمان لە حزبایەتی‌و سیاسەتدا لێ سەندراوەتەوە. نەهاتووین

ڕێوشوێنی ئاسایی کردنەوەی حزبەکەشمان ڕەچاو بکەین.

ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی کاریزمایان لەبەر هەر کارێك لە کایەکەدا غائیب دەبێت، وەکو حاڵەتی یەکێتی لە غیابی مام-دا، ئەوا ئەم کێماسییە خوداکردە بە تەفعیلکردنی حزبایەتیو کاری هاوبەشو تەنگێزەی ناوخۆیی چاککردنو پەرەپێدان قەرەبوو دەکەنەوە.

چی دەبێ ئەگەر یەکێتی حزبی نۆرماڵی بەستنی نۆبەتی کۆنگرەو دەستکاری بەرنامەو خیتابی سیاسیی خۆی بێت؟ ڕەنگە بگوترێ ئاخر یەکێتی حزبێکی گەورەیە. وەك حزبە بچووکەکان نییە کە لێپرساوێتییەکی گەورەیان لەسەر شان نییە. جا خۆی بە پێچەوانەوە. لەبەر گەورەبوونی یەکێتیو مەزنی ئەرکەکەیەتی، ژیاندنەوەی نەریتێکی کارای حزبایەتی بۆتە ئەرکی لە دواخستن نەهاتوو. حزبی گەورە کە پەکی دەکەوێتو ڕێرەوەکەی تووشی لادانی کاتی دەبێت، پرۆسەی سیاسیی وڵاتیش رادەوەستێتو پەکی دەکەوێت.

## (١٠)

ئەسڵەن ئەگەر سەیرێکی نەخشەی حزبایەتی وڵاتیش بکەین، دەبینین سێ هێزی سەرەکی کوردستان کە لە ململانێو پێکەوەییدان (یەکێتی، گۆڕانو پارتی)

هەرسێکیان گرفتی دەروون حزبی نەبەستنی کۆنگرەی وادەی خۆیان هەیە. سێ حزبی سەرەکی، کە لە چوار وێستگەی هەڵبژاردنی رابــردووی کوردستانو عیراقدا چوونە هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە، بۆ وەرگرتنی تەفویزی گەل، خۆیان لە هەیکەلی ناوخۆییدا شەرعیەتی خۆیان ئەبدەیت نەکردۆتەوە. رەنگە هەر ئەم دیاردەیەش بێت وای کردووە پرۆسەی دیموکراسیی، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی خولەکی هەڵبژادنەکان، زوو زوو تەنگی پێ هەڵبچنرێتو بە ئاسانی دەرگاکەی قفڵ بدرێت (نمونەی شەڕی ناوخۆو ناکۆکی سیاسیی کە بوونە مایەی دواخستنو پەککەوتنو دابەشبوونی پەرلەمانو ئیدارەو حوکمڕانی). ئاخر حزبەکان بەقەدەر دەستوورو یاساکان رۆڵیان هەیە لە پاراستنی نەریتە دیموکراتییەکان. کە حزب خۆی دەردەدار بێت، دەردی گشتی پرۆسەی دیموکراسیی چۆن پێ چارەسەر دەکرێت؟

دەســتــوور و یــاســاکــان زەرورن بــۆ پــاراســتــنــی رەوتــی دیموکراسیی، بەڵام حزبە دیموکراتە خاوەن نەریتە حزبییەکان چونکە رکابەری یەکترنو چاویان لە ئاستی یەکتریدا تیژە، هەر ئەوان زامنی سەرەکی پاراستنی پرۆسەی دیموکراسیی دەبــن. چونکە ئیشیان بەو دیموکراسییە هەیە. وەگەرنا رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو گروپەکانی گوشار دەبوونە پارێزەری دیموکراسیی. بەڵام ئەوان چونکە هەر چاودێرنو ململانێکاری یەکتری نین، بۆیە ناتوانن زامنی لەڕێ

لانەدانی دیموکراسییەکە بن. حزبەکان راستەوخۆ مەسڵەحەتیان لە پاراستنی دیموکراسییە گشتییەکەدا هەیە. حزب بۆ ئەم بابەتەش گرنگە. جا ئەگەر حزب لە ناوخۆدا گرفتی شەرعیەتی خولەکیو گرفتی وەفاداری وادەی کۆنگرەکانی هەبوو، ناتوانێ کاراو کاریگەر بێت لە ئاستی لادانی پرۆسەی دیموکراسیی لە کۆی وڵاتدا. یەکێتی، هەروا گۆرانیش، کارا نابن لە کەیسی چارەسەرکردنی شەرعیەتی سەرۆکایەتیی هەرێمدا کە خۆیان وادەی کۆنگرەکانیان پەنگی خواردبێتەوەو ململانێی نەوەکانو ئاڵوگۆڕی شوێنو رۆڵ لە حزبەکانیاندا تووشی پەستانی خوێن هاتبێت.

## (١١)

کەڵەکەبوونی چەند نەوەیەك لەناو حزبدا وەك دەرەنجامی نەبەستنی کۆنگرەکان، یان نەبوونی وادەیەکی دیاری کراوی بەستنو دیارنەبوونی بنمێچێکی دیاریکراو بۆ گۆڕانکاری، بێ هیوایيو بێ هۆدەیی لەناو حزبدا بڵاو دەکاتەوە. هەرچی رەفتاری ناجۆری حزبی هەیە دەرەنجامی ئەم بێ ئاسۆییە کە ژیانی حزبایەتی پەك دەخاو ژینگەی تەندروستی حزبایەتییەکی کاریگەر ئاڵودە دەکات. لادانو گوێڕایەڵ نەبوونی حزبی لەو دەرەنجامانەوە سەرهەڵدەدەن، ئەگینا هیچ

حزبییەك كە حزبایەتی ناونیشانە بۆ زەبتو رەبتو كاری جەماعی لە خۆڕا شێت نەبووە ئەوە بكاو ئەوە بڵێو بنووسێ كە نها دەیبینینو دەیخوێنینەوە. ئەو باوكو دایكەی (ئەمروز بە فردا) لەگەڵ كچو كوڕەكانیان دەكەنو دابینیان ناكەن، ئەو دەرەنجامانە دەبینن كە حەز ناكەن بیبینن: لادانو ترازانو تێكچوونی شیرازەی خێزان.

ئەمە پاكانە نییە بۆ ترازان، چونكە هەمیشە لە باشترین دۆخی حزبایەتیو نۆرماڵی ژینگەی سیاسەتكردندا، دەرچوون لە رەوت قەوماوەو لادەر هەمیشە بیانووی پێیە، بەڵام بوونی مەسەلەكە بە دیاردەی زەق. نیشانەی ئیدارەی ناجۆرو نەمانی هیبەتی حزبییە كە ئەمەیان جیاوازە لە هەژمموونی حزبی. نەمانی رێورەسمی حزبییە كە لە ئەنجامی پێشێلكردنی مافی دیموكراسیی ناوخۆییەوە سەرچاوە دەگرێت. مافی كۆنگرەبەستنو بەشداری لە ئەبدەیتكردنەوەی شەرعیەتو داڕشتنی سیاسەتی داهاتووی حزبدا.

یەكێتی حزبی زۆرترین رەخنەو قسەی حزبیو ئاڵوگۆڕی بیروڕایە، لەم رووەوە دیموكراسیترینین، بەڵام لە غیابی ئاڵۆگۆری بەرپرسیارێتیو پابەندنەبوون بە وادەی كۆنگرەكانەوە، مەخرەجاتەكانی ئەم حزبە بۆ سەرخستنی سیاسەتەكان باش نییە.

ئێمە نە وەكو حزبی فلان ئەندامو كادیر بێدەنگ دەكەینو نەوەك حزبی فیساریش كادیر دابین دەكەین بە بنمێچی رەواو

یاسایی‌و نەرمی گۆڕانکارییەوە.

ئەمە جەوهەری کێشەکەیە، نەك ترس لە مشتومڕی ناو سۆشیال میدیا. خۆ جاران سایت‌و سۆشیال میدیاو میدیای ناحزبیش نەبوو، کەچی لە ناوخۆی حزبەکاندا گفتوگۆ دەکراو بڵاوکراوەی ناوخۆیی حزبی هەبوو. ئایا هەڤاڵانی لە ئێمە قەدیمتر لەبیریان چۆتەوە کە کاتی خۆی، لە چالاکترین ناوەندی حزبی یەکێتییەوە، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکێتی لە سلێمانی. بەو هەموو نهێنی کاری زەمانی بەعسەوە گفتوگۆ لەسەر کەموکوڕییەکانی ڕێکخراوەیی یەکێتی دەکراو بە قەڵەم قۆپیەو کاربۆن ئەم گفتوگۆیانە دەستاودەست دەکراو، بەرزترین ئاستی گفتوگۆی حزبی دەردەخست. ئایا یەکێتی ناتوانێ بە زیندووکردنەوەی نەریتی گفتوگۆی حزبیانە، گروپ گروپی گفتوگۆ لە ئاکاونت‌و واڵ‌و پەیجەکانی خۆیەوە بەرپا بکات، لە جیاتی تەشهیرو پەلاماردان بە ناوو ناونیشانی خوازراوەوە؟ گفتوگۆیەك بە ئەدەب‌و حورمەتی خۆیەوە بێت، بەڵام بنمێچێکی دیاری هەبێت بەرەو کۆنگرە. بەرەو ئاڕاستەکردنی وێستگەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بەرەو ئاڵوگۆڕی بەرپرسیارێتی‌و ئاڵوگۆڕی شێنەیی لە سەرکردایەتی‌و دروستکردنی سەرکردایەتییەکی نوێ کە ئاوێتەی بەشێکی نەوەی دێرین‌و بەشێکی زۆرترین نەوەی نوێ بێت. چونکە دەبێ بۆ دوارۆژ کار بکەین. پێش

ئەوەی یەکێتی پاشکەوێت، یان دەرفەتی ئاڵوگۆڕی نەرمو شێنەیی نەمێنێت.

## (١٢)

تەبعەن دەگوترێ ئاخۆ کەڵەکەبوونی کێشەکان وای کردووە ئەم ئەرکە مەترسیدار بێت. راستە! بەڵام کێو چۆن وای کرد ئەرکەکە مەترسیدار بێت؟ کەڵەکەبوونی کێشەکان بگاتە ئاستی مەیین، مەنگبوونو تەکەلوسی ئەوتۆ کە چۆن دەستی لێ بدەیت هاوار هەڵبستێ: نەکەن! دەشکێ!

هەموومان لێی بەرپرسینو بە گوێرەی گەورەییو بچووکی ناونیشانەکانمان بەشمان بەردەکەوێت لەو بەرپرسیارییە.

**لەژمارەکانی: (٧٢٨٩) هەینی و شەممە ٩-٦/١٠/ ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە**

فەسڵی دووەم

# تێبینییەکانی پێش حوزەیران

# جارێکی تریەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟

## پرسیاری هەموو وێستگەو قۆناغەکانی خەبات

**ئەم بابەتە دەقی کۆڕێکە کە ساڵی (٢٠١٣/٣/١٢) لە خولێکی بەشی هۆشیاری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە پێشکەشکراوە بۆیە داڕشتنەوەکەی زمانی سمیناری بەسەردا زاڵەو ڕاستەوخۆ گواستراوەتەوە سەر کاغەز لە کوردستانی نوێ و جارێکی تریش لەگۆڤاری نوێبوون لە ژمارە (١٩)ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.**

کاتێك هەریەکێك لەئێمە وەك کادیر لەخولێکی بیرو هۆشیارییەوە دەچینەوە ئۆرگانەکانی خۆمان، لەو ساتەوە بڕیارە وەکو کادرێکی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵسوکەوت بکەین، ئەرکمان چییە؟ بۆچی دەچین تا ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەین‌و دەبێ چۆنی بکەین؟

هەموو ساتێك ئێمە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە، ئێمە بۆچی‌و هەروەها یەکێتی بۆچی؟ ئەرکی سەرشانی

یەکێتیو یەکێتییەکان چییە؟ بۆیە دەبێت هەر کادیرێك لە ئێمە لەگەڵ خۆیداو لەگەڵ یەکتریدا گەنگەشەی ئەم بابەتە بکاتو ئەم پرسیارانە بکاتەوە ی.ن.ک بۆچی؟

نامەوێ لێرەدا مێژووی یەکێتی بگێڕمەوە، بەڵکو ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە چەند نموونەیەك لەمێژووی یەکێتی دەهێنینەوە بۆ ئەوەی تێبگەین ئەمڕۆ و سبەی ئەرکەکانی سەرشانمان چین؟

## شرۆڤەکردنی رەوشی ئەوێ رۆژێ

لەگەڵ دامەزراندنی ی.ن.ك لەساڵی ١٩٧٥دا هەڤاڵ مام جەلال نامیلکەیەکی نووسی بەناوی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ نامیلکەکە بەعەرەبی بوو (الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟) دوای ئەوە شەهید ئارام وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی. لەو نامیلکەیەدا مام جەلال وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دامەزرێنەرانی ی.ن.ك مەبەستیان چییە لەدامەزراندنی یەکێتی؟ بیانوویان چییە بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی سیاسیی؟ چونکە لەو هەلومەرجەی یەکێتی تێدا دروست بوو، شۆڕشی کورد توابۆوە، کە یەکێتی دروست دەبێت، خۆ دەبێ بۆ خەڵکی روون بکاتەوە کە بۆچی دروست دەبێت؟، چی دەوێتو چی دەکات؟ لەو نامیلکەیەو لەزۆربەی نووسراوەکانی کەیەکێتی دەریکردووە، هاتووە رەوشی ئەوێ رۆژێی کوردستان شرۆڤە دەکات، هەرکەسێك ئەو نامیلکەیە

بخوێنێتەوە، بۆ ئەو کاتەی خۆی پرسیار دەکات، بۆ نموونە دەڵێ: "من ئەو نامیلکەیە بۆ بخوێنمەوە؟" گرنگ ئەوە نییە تۆ ئەوەی لەو نامیلکە دێرینەدا هەیە بیلێیتەوە. بەڵکو گرنگ ئەوەیە تۆ بێی لێکیبدەیتەوە، بلێی ئەو نامیلکەیە خەسڵەتەکانی چین؟ یەکێك لەخەسڵەتەکانی باسی ئەوە دەکات، وەزعی ئەو رۆژەی کوردستان چۆنە؟ بۆ نموونە (ساڵی ١٩٧٥)ە، دەڵێ حزبی بەعس کۆنترۆڵی هەموو کوردستانی کردووە، سیاسەتی بەعەرەبکردنو بە بەعسیکردن و راگواستن هەیە لەناوچەکانی (شریتی تەعریب) لەکەرکوك، لەخانەقین، بۆئەوەی وردە وردە ئەو شوێنانە تەعریب بکات. لەناوبردنی هەرچی پێی دەووترێت سیاسەتی کوردی لەژێر پەردەی شتێك بەناوی حوکمی زاتی، لەکاتێکدا ئەوەی کە دەکرێت، نەحوکمی زاتییەو نە مافەکانی گەلی کوردە.

## سەرکوت لەژێر پەردەی حوکمی زاتیدا

(ی.ن.ك) لەم نامیلکەیەدا دێ ئەو هەلومەرجە روون دەکاتەوە. خەڵك لەدێهاتەکانی کوردستان رادەگوازرێن، دەردەکرێن، سەر سنوورەکانی کوردستان بەمین چێنراون، گەلی کورد کەمترین مافی پێنەدراوە، شارە گرنگەکانی وەکو کەرکوك، وەکو خانەقین، ئاکرێ ناچنە چوارچێوەی ئەو حوکمی زاتییەی کە تەنانەت کارتۆنیشە، نەچوونەتە چوارچێوەی ئەو ناوچانەوەو سیاسەتەکانی حکومەتی

عیراقی بریتییە لەسەرکوتکردن لەژێر پەردەی حوکمی زاتی، بەم شێوەیە هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتەی کوردستان کە لەژێر دەستی حکومەتی بەعسدایە، روون دەکاتەوە.

دیـوی دووەمــی دێ چـی دەکـات؟ دەڵـێ ئـەی باشە، لەبەرەی کوردەوە چی هەیە؟ دەڵێ شوڕشێکی کوردستانی هەبوو، بەداخەوە هەڵوەشایەوەو لەناوچوو. واتە روونکردنەوە دەدات لەسەر بەرەی کورد، بۆیە دەڵێ ئێمە وەکو ی.ن.ك بڕیارماندا دابمەزرێین بۆئەوەی خەبات بکەین بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجە، خەبات بکەین دژی تەعریبکردن، راگواستنو بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە، ئەمەی هەیە ئۆتۆنۆمییەکی درۆیینەیە.

## کایەی خەباتی نیشتمانی

کوردستانیش وەکـو هـەر کۆمەڵگەیەکی تـر، هـەژارو دەوڵـەمـەند، جووتیارو کرێکاری تێدایە، ئەمانە پێویستە بەشـێـوەیـەك لـەشـێـوەکـان رێکبخرێن، بـۆئـەوەی بەشداریی بکەن لەخەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بۆئەوەی کوردستان لەژێر داگیرکارییو زوڵمو زۆری دەوڵەتی عیراق دەربازی بێتو بەمافەکانی خۆی شاد ببێت. بەم شێوەیە ئێمە روونکردنەوەی هەلومەرجێکمان هەیە، کە کوردستان لەسایەی بەعس چۆن دەژی، سیاسەتی کوردستانیو شۆڕشگێڕانی کـورد چـی دەکـەن؟ چـۆن هەڵسەنگاندنیان بـۆ بکەین؟

ئێمە دروست دەبین لەسەر بنچینەیەکی تازە. بۆیە روونی دەکاتەوە ئێمە حزبێك نین بەتەنیا، ئێمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانین کە لەچەند باڵو رێکخراوێك پێکهاتووە، باڵی کۆمەڵەیە، سۆسیالیستە، هێڵی گشتییە، بەم شێوەیە هەموو ئەو کەسانەی دەڵێن ئامادەن خەبات بکەن بۆ ئەم ئامانجە هاوبەشانەی کە (ی.ن.ك) دیاریی کردووە، فەرموون باپێکەوە خەبات بکەین، لەئەنجامی ئەوەشدا خۆتان دەزانن، پاش کەمتر لەسالێك تێپەڕی، شۆڕش لەکوردستان دەستی پێکردەوە.

### گۆڕانکاریی لەبەرنامەو دروشمەکان

ئەم نامیلکەیە دێ هەلومەرجی کوردستانمان بۆ شیدەکاتەوەو لەسەر بنچینەوەی ئەوە وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکەین بۆ ئەوە، واتە ئێمە بۆ نموونە کەموکوڕییەکانمان چییە لەماڵی خۆمان؟ بەیانیان کە دەردەچین دەچین کاسبی دەکەین، دەڵێین زۆر باشە ئەمە ماڵمانە، ئەمە کەسوکارمانە، دەچین بۆ چی کار دەکەین؟ بۆئەوەی پێداویستییەکانی ماڵەکەمان پڕبکەینەوە، لەچیمان کەمە، وردە وردە کاسبی دەکەین بۆ ئەوەی ئەمە پڕ بکەینەوە.

ئێمە وەکو ی.ن.ك لەو ساتەدا وتمان ئەمە وەزعی کوردستانە، ئەمە ژوورەکەمانە، ئەمە کوردستان، ئەمە بەعسە، با دەست بەخەبات بکەین بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجە. چونکە ئەم هەلومەرجە لەقازانجی ئێمە

نییە، پێویستە هەوڵی گۆڕینی بدەین‌و دەستکاریی بکەین. لەسەر بنچینەی ئەمە شۆڕشی کوردستان دەستی پێکرد. ئەمە لە ١٩٧٥/٦/١ بۆ ١٩٧٦/٦/١-ە، بۆ ئەوە نییە ئێمە هەر بیگێڕینەوە، بۆئەوەیە کە بزانین چۆن سوود لەڕۆحی چیرۆکەکە وەربگرین، بۆئەوەیە وەکو کەسێك کە لەمڕۆدا دەژیت، بتوانی سوودی لێوەربگری. لەبەرئەوە لەزۆر قۆناغی تردا کە ی.ن.ك دێت ئەم پرسیارە دەکاتەوە، بۆچی موفاوەزات دەکەین لەگەڵ بەعس؟ ساڵی ١٩٨٤ یەکێتی موفاوەزات دەکات. بۆ نموونە روونکردنەوە دەدات لەسەری، چونکە هەلومەرجی کوردستان بەم شێوەیەیە، بەعس بەم شێوەیەیە، داوای موفاوەزات دەکات، مانای ئەوەیە دان بەکوردستان‌و شۆڕشی کوردستاندا دەنێت، بەم شێوەیە ئێمە خەبات دەکەین، بەچەك خەبات دەکەین، چونکە بەعس بەچەك نەبێ ناتوانین دانوستانی لەگەڵ بکەین، بەعس بەئاگرو ئاسن دێتە سەر کوردستان، تۆ هەموو جارێك هەلومەرجەکە روون دەکەیتەوەو شێوەی خەباتەکەی خۆت بۆ قۆناغەکەی داهاتوو روون دەکەیتەوە.

### سڕینەوەی دەستەواژە بەسەرچووەکان

بۆ نموونە لەدوای راپەڕینەوە، شێوازێکی تر دێتە پێشەوە، کە بریتییە لەوەی ئیتر حکومەت دابمەزرێنین، چونکە زیاتر لەسێ شار دەکەوێتە دەستی کێ؟ بندەستی

شۆڕشی کوردستانەوە، هەلومەرجی کوردستان چۆنە؟ بەعس لەکوردستان کشاوەتەوە، ئەو ناوچانە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئێمەوە، پێویستە ئیدارەی بکەین، پێویستە ژیانی خەڵك ببەین بەڕێوە، پێویستە هەوڵبدەین ئەزموونێك دروست بکەین بۆئەوەی خەڵك بڵێت بۆ نموونە کورد دەتوانێ خۆی ببات بەڕێوەو دەتوانێ ژیانی خۆی مسۆگەر بکات. سەرنج بدەن، کاتێك سەدام دەڕووخێت، شێوەی خەباتەکە دەگۆڕێت، ساڵی ٢٠١٠ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی خۆی کرد، لەکۆنگرەدا لەپەیڕەوو پڕۆگرامی رابردووماندا عیبارەیەك هەبوو، رووخاندنی رژێمی عیراقو جێگیرکردنی رژێمێکی دیموکراسی فیدراڵی، زۆر باشە ساڵی ٢٠١٠ کۆنگرەمان کردووە، ئەم عیبارەتە بۆ بمێنێت؟ پێویست ناکات بمێنێ، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئەو رژێمەمان رووخاند، دەبێ یەکێتی خەباتەکەی بگۆڕێ، فیدراڵیش جێگیربکات لەدەستووری عیراقدا، کەوابوو دەبێ ئامانجەکانمان بگۆڕین، ئێمە چۆن حکومەتێك بڕووخێنین سەرۆك کۆمارەکەی سکرتێری خۆمانە؟ تێبینی دەکەن؟ هەلومەرجەکە گۆڕانی بەسەردا هات. ئێمە چۆن خەبات دەکەین بۆ نموونە حکومەتێك بڕووخێنین کە فیدڕاڵییە؟ ئێمە دێین چی دەکەین؟ ئامانجەکان دەگۆڕین. ئامانجەکانمان دەکەینە: بۆ نموونە پتەوکردنی ئەو فیدراڵییەی کە هەیە، زیاتر دیموکراتیزەکردنی عیراق، بەم شێوەیە بڕیار

دەدەین. بۆ نموونە ئێستا ئیتر ناڵێین سیاسەتی تەعریب هەڵدەوەشێنینەوە، چونکە ئەو سیاسەتە ئێستا نەماوە. ئێستا دەڵێین ئەو بڕیارو سیاسەتانەی تەعریب دروستیکردبوو، هەڵوەشاوەتەوەو ئیتر بەبڕیار لەپەرلەمانو لەملاو لەولاش هەڵیدەوەشێنینەوە. ئێستا ئامانجەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، کەواتە بۆهەر هەلومەرجێکی تازە، ریزەکانی ی.ن.ك، توانای سیاسیو توانای داراییو راگەیاندنی بەگوێرەی ئەمە رێکدەخەینەوە. بەگوێرەی ئەوەی کە ئێستا یەکێتی بۆچییە؟

### ئامرازەکان پیرۆز نین

ئەگەر ئێستا لەکوردستان بارودۆخەکە وای لێبێت، کە پێویست بکات ئێمە کەرکوك بخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە، حکومەتی عیراق لەو هەموو بەڵێنانەی داویەتی لەناو دەستوور پەشیمان بۆتەوە، ئەگەر ئێمە کەرکوك نەگرین عیراق دەیگرێت، ئێمە وەکو شۆڕشی کوردستان، وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بیر لەوە دەکەینەوە کەرکوك بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیەوە. بۆ ئەمە چیمان پێویستە؟ دەبێ تواناکانی یەکێتی بەجۆرێك رێك بخەینەوە، ئەم ئامانجانە بێنێتەدی. واتە شتێك نییە لەئامرازەکانی بەردەستمان پیرۆز بێت.

### دانانی قورسایی بەپێی دۆخەکە

ئەگەر وای دابنێین لەناوچەیەکی کوردستان شەڕی عەشایەری‌و کۆمەڵایەتی وا بەهێز دەبێ کە پێویست دەکات یەکێتی بەشداریی بکات لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە لەو ناوچەیە هەیە. بۆ ئەمە ئێمە مەکتەبێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە، بەڵام بەهێزی دەکەین، چونکە دەزانین یاساو هەموو توانا کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بخەینەگەڕ، چونکە ئەو ناوچەیە بەشێکە لەکوردستان، نابێ کێشەی تێدابێت، بۆیە ئەگەر مەکتەبی کۆمەڵایەتیی ی.ن.ك بریتییە لە ٧ ئەندام، ئەوکاتە یەکێتی پێویستە بیکاتە ٢٠ ئەندام. بۆیە ئەگەر توانای دارایی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە ٤٠ ملیۆن دینارە، پێویست دەکا یەکێتی ٤٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان بکات، بۆئەوەی بەشداریی بکات لەچارەسەری کێشەکانی ناوچەی شارەزوور. ئەگەر وای دابنێین یەکێتی لەقۆناغی داهاتوودا پێویستی بەوەیە خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکات کە ژینگە بپارێزین، وای دابنێن ژینگەی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، پێویستە یەکێتی بەشێکی تواناکانی خۆی لەم بوارەدا خەرج بکات. چۆن؟ یەکێتی کادری هەیە کە دەرچوونی کۆلێژی زانستن، لەو بوارانەی کە پەیوەستن بەژینگەوە، دەبێ ئەو کادرانەی بنێرێت بۆ ئەو شوێنانە، بۆئەوەی کار لەسەر ژینگەپارێزی بکەن. وای دابنێن یەکێتی

٤٠- ٥٠ کادری هەیە کە مەلان، واتە لەمزگەوت خوتبە دەدەنو قسە دەکەن، ی.ن.ك بەهەر پەنجا مەلاکە دەڵێت: "پەنجای دیکەش پەیدا بکەن، بڕۆن لەمینبەری مزگەوتەکانەوە باسی ژینگەپارێزی بکەن بۆ خەڵك، چونکە ژینگەی کوردستان لەمەترسیدایە". مەلا چی دەکا؟ دەڵێ لەقورئاندا هاتووە کە دەبێ ژینگە بپارێزین، ئەم ئەرزە خوای گەورە بۆ ئێمەی دروست کردووە، بەم شێوەیە مەلا لەبەشەکەی خۆیەوە دەچێت سیاسەتی یەکێتی جێبەجێ دەکات لەبواری ژینگەدا. بۆ نموونە رەنگە دەیان کادرمان هەبێ کە حەزیان لەگرنگیدانە بەگوڵو ژینگە، ئەم کادرانە بنێرین بۆ کوێ؟ دەبێت بیاننێرین بۆ ئەو ئاڕاستەیە لەشاری کەرکوك یان سلێمانی یان جێگایەك بۆئەوەی کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن کە پەیوەندیی بەخەباتی ژینگەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیە. ئێمە بۆ ئەم حاڵەتە ئەو کادرانە بەکار ناهێنین کە حەز دەکەن لەبواری فڕۆکەوانیدا کار بکەن. واتە تواناکانی یەکێتی بەو ئاڕاستەیە دەبەین کە بتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات. ئەو وزەو توانایەی یەکێتی هەیەتی لەو بوارەدا بەکاری دەهێنین کە بریتییە لەبواری ژینگە. سەیری خەباتی (ی.ن.ك) بکەن، لەسەردەمێکدا مامەڕیشەو هەموو ئەو تێکۆشەرە ئازایانەی کە لەخەباتی پارتیزانی یەکێتیدا رۆڵیان گێڕاوە، شەهید شەهریارە، شەهید مامەڕیشەیە، شەهید حەسەن کوێستانییە. هەموو ئەو شەهیدانەی کە یەکێتی لەبواری خەباتی پێشمەرگایەتیدا

داویەتی. ئەمانە لەسەردەمانێکدا کە بەعس بەئاگرو ئاسن وەڵامی خەڵکی کوردستان دەداتەوە، هێزو توانای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم بوارەدا دەردەخەن. بۆیە بەشێکی زۆری وزەو توانای یەکێتی بەئاڕاستەی خەباتی چەکداریدا دەچێت.

ئەمڕۆ سەردەمەکە گۆڕاوە، ڕەنگە ئەمڕۆ ی.ن.ك پێویستی بەدەیانو سەدان کادربێت کە لەبواری هەڵبژاردندا کاربکەن. ئێمە پتر لەمامەڕیشەیەکمان دەوێ، بەڵام شارەزای یاساکانی هەڵبژاردن بن، شارەزای کۆکردنەوەی جەماوەربن بۆ بردنیان بۆسەر سندوقی دەنگدان، شارەزای ئەوە بن کە بتوانن لەشوێنێك خیتاب بدەنو حەماسەتی خەڵك بەرزبکەنەوەو بڵێن بڕۆن دەنگ بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدەن. واتە ئاڕاستەکە دەگۆڕدرێ. بۆیە ئەگەر وابڕوات، بۆ نموونە مەترسیی سەربازی لەسەر کوردستان کەم بێتەوە، بەشی زۆری تواناکانی یەکێتی بچێ بۆ بوارەکانی دیکەی غەیرە سەربازی، ئەگەر کوردستان ڕۆژێك لەڕۆژان خۆی ببێتە خاوەنی هێزێکی چەکداری ڕەسمیو ببێتە خاوەنی هێزێکی پێشمەرگەی پتەو کە دامەزراوەیەکی نیشتمانیی تەواوەتی بێت، ئەوکاتە یەکێتی لەخەم دەرسکێ، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە خەم لەلایەنی پاراستنی سەربازیی کوردستان دەخوات. ئێمە دێین ئەو توانایەی کە یەکێتیی هەیەتی لەبواری دیکەدا خەرجی دەکەین، بۆ نموونە دێین

لەبواری راگەیاندندا خەرجی دەکەین، لەبواری گەیاندنی کادری پیشەییدا خەرجی دەکەین، لەبواری پێگەیاندنی کادری دیپلۆماسیدا خەرجی دەکەین، لەکادری هۆشیار لەبواری میدیاو راگەیاندندا خەرجی دەکەینو لەهەموو بوارەکانی دیکە.

## گەڕانەوە بۆ پرسیارەکە

واتە ئێمە کۆمەڵێك وزەمان هەیە لەبوارە جیاجیاکاندا، بەگوێرەی هەلومەرجە تازەکان گۆڕانکاریی دەکەین. دەڵێین ئێستا وەزعی کوردستان چۆنە؟ پێویستی بەچییە؟ ئێمە ئامانجمان چییە؟ با بەگوێرەی ئەمە ی.ن.ك بۆ هەموو سەردەمێك رێك بخەینەوە، بۆئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمە بداتەوە، بۆ نموونە پێویست بکات تۆ لەمفاوەزاتدا بیت لەگەڵ حکومەتی عیراقی لەسەر پرسێکی تایبەت، ئیتر پێویست ناکات تۆ هەر لەخۆتەوە بچیت شەڕێك هەڵبگیرسێنیت، بۆ نموونە لە١٩٨٤ کە مفاوەزات بوو ئێمە تووشی رووداوی لەملاولەولا دەهاتین، بۆ نموونە بڵێین پێشمەرگەیەك تەقەیەکی دەکرد، کە مفاوەزاتە، مفاوەزاتە، تەواو دەبێت، نەبەردی دەست پێدەکاتەوە.

ی.ن.ك خاوەنی نەبەردییەکانی دابانو هەلاجو شەڕی قەیوان ماوەتە، هەموو ئەو شتانەی کە یەکێتی وەکو

خەباتی پێشمەرگایەتی پێی دەناسرێتەوە، کە دێتەوە سەر هەڵبژاردنیش، یەکێتی ئەو هێزەیە کە خۆی لەبواری هەڵبژاردندا تاقی دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر دەبینین لەبوارێك لەبوارەکاندا کەموکوڕی هەیە، یەکێتی دەبێ بگەڕێتەوە سەر پرسیارەکە، بڵێ دۆخەکە چۆنە؟ ئێمە چیمان دەوێ، چۆن ئەو ئامانجە بهێنینە دی؟ هێزمان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە چۆن بخەینەگەڕ؟ ئەگەر ئێستا بێینە سەر ئەمڕۆ، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامەکەی چییە؟ ئەرکەکەی سەرشانی چۆنەو چۆنی جێبەجێ دەکات؟ ئێمە هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دەڕۆین کە یەکێتی بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە، دێین دەڵێین پەیامەکەی یەکێتی بریتییە لەو پەیامەی کە لەدوا کۆنگرەدا دیاری کراوە، دوا کۆنگرەی یەکێتی کە لەمانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٠ جێبەجێ کراوە، دوو شتی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، یەکێکیان راپۆرتی سیاسییە، دووەمیان پەیڕەو پرۆگرامی ی.ن.ك-ە، ئەمڕۆ یەکێتی حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، نابێ یەکێك بڵێ من حەزم لێیە یەکێتی خەبات بکات بۆ بەدەستهێنانی مەدالیای ئاڵتونی لەئۆلۆمپیادی فلان، ئێمە پێی دەڵێین نەخێر، وەکو کادری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهۆڵێك کۆبووینەوە، بڕیارماندا ئامانجمان بۆ قۆناغی داهاتوو بەم شێوەیەی خوارەوە بێت. ئێمە پابەندین بەو ئامانجەوە.

## ئێمە پەیمانێك كۆمان دەكاتەوە

سەرنج بدەن، سێ خاڵ هەیە زۆر گرنگە، یەكەم پابەندبوون بەئامانجەوە، دووەم ئاشكراكردنی خودی ئەو ئامانجە، سێیەم كاركردن لەسەری زۆر گرنگە. زۆرجار ئێمە تووشی ئەو شڵەژانە دەبین، بۆ نموونە دەبینی كەسێك دەڵێ ئەی باشە یەكێتی بۆ خەبات ناكات بۆ رزگـار كردنی كوردستانی توركیا؟ پێی دەڵێین ئێمە لەسەر بنچینەیەك دروست بووین، كۆمەڵە خەڵكێكین كە لەهۆڵی دوا كۆنگرە كۆبووینەوە چەند بڕیارێكمانداو چەند ئامانجێكمان بۆ ئەم قۆناغە پەسەند كرد، بڕیار نییە ئێمە شتێكی تر بكەین. ئێمە وەكو ی.ن.ك كۆنگرەكان بۆچی دەبەستین؟ كۆنگرەكان دەبەسترێن بۆئەوەی پێداچوونەوە بەبەرنامەكاندا بكرێت، لەكۆنگرەدا ئێمە دەنگ بەبەرنامەیەكی نوێ دەدەین، ئەم بەرنامەیە حەكەمە لەنێوان منو تۆو هەموو ئەندامانی یەكێتی، تا كۆنگرەی داهاتوو. ئێمە خۆ كەتیبەیەكی سەربازی نین بەزۆر كۆكرابینەوە، بڵێ بڕۆن شەڕ بكەن لەفلان جێ، ئێمە كۆمەڵە هەڤاڵێكین پێكەوە گرێبەستێك كۆمان دەكـاتـەوە، پەیمانێك كۆمان دەكاتەوە، پەیمانێك كە بەیەكێتیمان داوە، هەركەسێك لەناو ئێوەدا هەبێت كە بەشداریی كۆنگرەی كردبێت، ئەوا كەسێك بەنوێنەرایەتی كۆمەڵێك هەڤاڵی دێتە ناو كۆنگرەوە، لەناو كۆنگرە لەسەر بەرنـامـەیـەك رێـكـدەكـەون، بـۆ نـمـوونـە دەڵـێـن پێتان باشە

ئەندامانی سەرکردایەتی بریتی بێت لە ٤٥ کەس، هەموو دەست بەرزدەکەنەوە، دەڵێن "بەڵێ". دەڵێین بۆ نموونە پێنج کەسی تریش هەبێت وەك یەدەگ، بۆئەوەی حزبی تر بێتە ناوەوە، یەکێتییەکان دەست بەرز دەکەنەوە، دەڵێن "بەڵێ". ئەمە عەهدو بەڵێنێکە داوتە، ئیتر سبەی نابێ یەکێك هەر لەخۆیەوە پێشنیاز بکات یان لەرۆژنامەیەك وتارێك بنووسێتو بڵێت: من پێشنیاز دەکەم سەرکردایەتی یەکێتی بە١٠٠ ئەندامی سەرکردایەتی، یان کۆمیتەی یەکێتی بەم شێوەیەبێ، ئەمە نابێ بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەکۆنگرە ئەمە پەسند کرا.

### سەرکردایەتی لەجیاتی تۆ بڕیار دەدات

پێشنیازت هەیە؟ هەڵیگرە بۆ کۆنگرەی داهاتوو. کەواتە کۆنگرە گرێبەستی منو تۆ، تۆو ئەوە هەتا کۆنگرەی داهاتوو. بەرنامەکەمان چییە، ئێمە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەین لەم قۆناغەو پابەندی ئەو بەرنامەیە دەبین، لەوانەیە ئێستا تۆ بۆ نموونە کادرێکی ی.ن.ك-یت، منت بەدڵ نەبێت کە سەرنووسەری کوردستانی نوێ-م، ئەمە کێ دەیگۆڕێت؟ سەرکردایەتی دەتوانێ من بگۆڕێت. بۆ تۆ من ناگۆڕی؟ لەبەر ئەوە نییە کە تۆ بۆت نییە من بگۆڕی، لەبەرئەوەیە کە تۆ ئەرکی بەڕێوەبردنی یەکێتیت داوە بەسەرکردایەتییەك، ئەو سەرکردایەتییە لەجیاتی تۆ بڕیار دەدات، داخۆ من بهێڵێتەوە یان من لاببات. لەکۆنگرەی داهاتوودا تۆ دەڵێی من دەنگ

نادەمە تۆ کاکی سەرکردایەتی، چونکە تۆ ئەرکی سەرشانت جێبەجێ نەکرد، پیاوێکی خراپی، چونکە ستران عەبدوڵڵات لەکوردستانی نوێ لانەبرد.

کەواتە یەکەم شت بۆ ئێمە گرنگە بزانین گرێبەستەکەمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوەیە کە بەم شێوەیە لێرەوە تا کۆنگرەی داهاتوو، سکرتێرێکمان هەیە ناوی هەڤاڵ مام جەلال-ە، دوو جێگرمان هەیە، مەکتەبێکی سیاسیمان هەیە، سەرکردایەتییەکمان هەیەو دامەزراوەی جیاجیای ی.ن.ك-مان هەیە کە بریتییە لەمەڵبەندو کۆمیتەکان. دەمانەوێ بیگۆڕین، قەیدی چییە؟ تۆ دەتوانی بیگۆڕی، لەکۆنگرەی داهاتوو کۆمیتەکانی یەکێتی بکە بە ٥٠ کۆمیتە لەکەرکوك، ٢٠٠ کۆمیتە لەسلێمانی، بەڵام لەکۆنگرە بڕیاری لێدەدەی. ئەمە وەکو تەشکیلات، ئامانجەکانت چین؟ ئامانجەکانی ی.ن.ك بریتین لەبەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا، ئەو ئامانجەی کە ئێمە هەمانە، مافی چارەنووس لەم قۆناغەدا یەکسانە بەجێبەجێکردنی فیدراڵی، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بەو جۆرەی کە لەدەستووری عیراقدا هاتووەو کۆمەڵێك ئەرك هەیە کە لەناو پەیڕەوو پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە کە ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئەوە. باشە، هەتاکەی؟ هەتا کۆنگرەی داهاتوو. لەکۆنگرەی داهاتوو دەشێ پەیامەکەمان بگۆڕدرێ‌و ئەرکەکانی سەرشانمان

بگۆڕدرێو ئامانجەکانیشمان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. بەڵام قەت ئامانجمان رۆژێك لەڕۆژان وای لێنایەت، بۆ نموونە ئێمە حزبێکی کوردستانین ئامانجمان رزگارکردنی نایجیریایە لەژێر دەسەلاتی فلان حکومەت. ئەمە گۆڕانکاریی نییە، ئەمە ئینقیلابە، چونکە ئێمە حزبێکین لەکوردستانداین. کەواتە ئامانجە سەرەکییەکانمان وەك خۆی دەمێنێتەوە.

### ئامانجە سەرەکییەکە

کە ئێمە دامەزراین لەساڵی ١٩٧٥، ئامانجە سەرەکییەکانمان لەژێر تایتڵی رزگارکردنی کوردستان دەمێنێتەوە، بەڵام وردەکاریی تێدایە، گۆڕانکاریی دەکرێت، بۆنموونە کاتی خۆی دەمانووت بەگرتنەبەری رێبازی مارکسی- لینینی کوردستان رزگار دەکەین، ئەمڕۆ دەڵێین بەگرتنەبەری رێبازی سۆسیال دیموکرات، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکە یەك شتە، کە ئەویش ئەوەیە گەلی کوردستان خۆی حوکمڕانیی خۆی بکاتو کوردستان رزگار بێت، ئینجا ئەو رزگارییە لەچوارچێوەی فیدراڵیدا رێکیدەخەیت، لەچوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا رێکی دەخەیت، ئەوەیان وردەکارییەکەیە، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بەدیبهێنین، کە کاتی خۆی لەچوارچێوەی حوکمی زاتیدا داوامان دەکرد، دوایی

کردمان بەفیدراڵی، ڕەنگە سبەینێ هەنگاوێکی دیکە بچێتە پێشەوە بۆ سەربەخۆی.

زۆر باشە، ئێمە با بێینە سەر شتێکی دیکە، ئێمە پابەندین لەم کۆنگرە بۆ ئەم کۆنگرە بڕۆین. بەڵام ئەگەر لەناکاو شتێکی تازە هاتەپێشەوە، بۆ نموونە حکومەتی تورکیا داری لەسەر بەرد نەما، بۆ نموونە حکومەتی عیراقی تەفروتونا بوو و شیعەو سوننە هەموویان لەناوچە دابڕاوەکان رایانکرد، لێرە ئامانجی تازە دێتە پێشەوە، بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتۆتە پێشەوە، یەکێتی چی دەکا؟ سێ رێگای لەپێشە، یان کۆنگرەیەکی پێشوەخت دەکات، زۆر جار دەبیستن حزب کۆنگرە ناکات، پلینۆم دەکات. زۆرجاریش پلینۆم ناکات، ڕووداوەکان ئەوەندە بەپەلەن کۆبوونەوەیەکی گشتی دەکات، واتە کادرە سەرەکییەکانی بانگ دەکات، دەڵێ کاکینە هەلومەرجێکی تازە هاتۆتە پێشەوە، پێویست دەکات ئێمە بەم شێوەیە کار بکەین. بۆ نموونە کاتی خۆی کە لە ٢٠١٠ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی کرد، بەهاری عەرەبی ڕووینەدابوو. لەمیسر حوسنی موبارەك حوکمی دەکرد. لەسوریا بەشار بۆخۆی پاڵیدابۆوە، لەتونسو لەیەمەن-یش هەروەها، لەبەر ئەوە بۆچی ئێمە پەیوەندیی لەگەڵ ئیخوان موسلیمین دروست بکەین؟ خۆ نەهاتوونەتە سەر حوکم، بەڵام کە هاتنە سەر حوکم هەلومەرجێکی تازەیەو پێویست دەکات ئێمە بەجۆرێکی دیکە مامەڵە بکەین، ئەمە

حکومەتەو حزبەو ئێمە نووسینگەیەکمان لەوێ هەیە، خۆ دەبێ پەیوەندییەکمان لەگەڵ میسر هەبێ کە دەوڵەتێکی گەورەی دنیای عەرەبە، راستە میسر کوردستانی داگیر نەکردوەو حەقمان لای میسر نییە، بەڵام حەقمان لای عیراقو سوریایە کە میسر کاریگەری بەسەریانەوە هەیە. وەك ئەوە وایە بۆ نموونە دوو کوڕی گەنج حەقیان لای یەکتری هەیە، من براگەورەی ئەم کاکەیەم، تۆ دێی لای من باسی دەکەی، هەقەکەت لای من نییە، بەڵام من کاریگەریم بەسەر براکەمەوە هەیە، دێی، دەڵێی کاکە من کێشەیەکم هەیە لەگەڵ براکەت، برادەرمە بەڵکو بۆم چارەسەر بکەیت. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە پەیوەندیی دەکەین لەگەڵ میسر، کاتی خۆی کە کۆنگرەمان کردووە، شۆڕش نەکراوە لەدژی بەشار ئەسەد، بەڵام ئێستا شۆڕش لەدژی کراوەو ئێستا بەشێکی کوردستانی سوریا رزگار کراوە، گەلی کورد لەوێ هەستاوەتەوە داوای مافەکانی دەکات، باشە ئێمە واجبمانە یارمەتییان بدەین یان نا؟ واجبمانە، باشە بەچی یارمەتییان دەدەین، بەشێکی ئەو وزەو توانایەی کە یەکێتی هەیەتی، داراییە، راگەیاندنە، سیاسییە، تەرخانی دەکەین بۆ بەشی کوردستانی سوریا، بۆچی؟ چونکە ئەو بەشە دوایی حەقەکەی ئێمە دەداتەوە، چۆنی دەداتەوە؟ ئەگەر لەوێ ماف وەربگرن، ئێمە دراوسێی سوریایەکی دیموکرات بین باشترو خۆشترە، یان سوریایەکی شۆڤێنیو دیکتاتۆری؟

گەلی کورد لەوێ مافەکانی خۆی بەدەست بێنێو بەسەربەرزی بژی باشە، یان ناچاری راوەدوونانو دەرکردن بێتو بێن لەکوردستانی ئێمە ناچار بین لەلاوازیدا هاوکارییان بکەین؟ بێگومان ئەوە باشترە کە ئەوان لەسەرماڵی خۆیانو خاکی خۆیان بنو ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبێ. بۆیە بەشێکی سیاسەتەکەی یەکێتی دەبێ بەو ئاڕاستەیە بڕوات کە یارمەتیدانی کوردستانی سوریا بێتو چاوەڕوانی بێت بۆئەوەی کە گۆڕانکاری گەورەتریش روو دەدات.

## لە کۆنگرە بۆ کۆنگرە

بۆ جێبەجێکردنی ئەمە ئێمە چەند رێگایەکمان لەپێشە، سەرکردایەتی رادەسپێرین دەڵێین ئێمە تۆمان هەڵبژاردووە، فەرموو بڕۆ ئیشەکە بکە، یاخود هەلومەرجەکە لەوانەیە ئەوەندە گەورە بێت کە پێویست بکات یەکێتی کۆنگرە ببەستێت، کەواتە ئێمە بەگوێرەی ئەم هەلومەرجانە بڕیار دەدەین ئەرکەکانی سەرشانمان گۆڕانکاری بەسەر بێت، بەڵام کە گۆڕانکاری نایەت، ئێمە وەفادارین بەو تەوقیتانەی دامانناوە، سەعات ١٠ مەوعیدم لەگەڵ تۆ هەیە، پێویستە سەعات ١٠ بێم، لەکۆنگرە بۆ کۆنگرە مەوعیدێکمان دیاریکردووە پێویستە ئێمە پابەند بین پێوەی، ئێمە کە هەڤاڵین پێکەوە، هەوڵ دەدەین ئەو بەڵێنەی دەیدەین بەیەکەوە بیپارێزین، پێکەوە خەبات دەکەینو

پێکەوە دەیپارێزین. لێرەوە ئێمە بەگوێرەی ئەم بارودۆخە کە دێتەپێشەوە بڕیار دەدەین، بۆ نموونە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی قۆناغی داهاتوو پێویستمان بەچییە؟ ئەگەر بڕیارماندا کە پێویستمان بەوەیە بەشێك لەتواناکانمان تەرخان بکەین بۆ کوردەکانی سوریا، دەبێ لەشوێنێکیەوە بیگێڕینەوە. بۆ نموونە دەڵێین برادەرانی کوردستانی ئێران ئێوە جارێ ماوتانە شۆڕش بکەن، وەختێك هەلومەرجێکی تر دێتەپێشەوە، بۆیە بەشێکی ئەو یارمەتییەی داومانە بەئێوە، بەئاڕاستەی کوردستانی سوریای دەبەین، یاخود بۆ نموونە ئێستا عەدەد جیهازمان نەماوە، لەبەرئەوەی ئەو کادری عەدەد جیهازە تەرخانی دەکەیت بۆ شوێنێکی تری دەبەیت. ئێستا من لەڕێگای مۆبایلەوە، لەڕێگای ئیمەیلەوە، لەڕێگای فەیسبووکەوە، پەیوەندیی بەتۆوە دەکەم، کەواتە شێوازی پەیوەندییەکانمان گۆڕاوە. باشە ئەو کادرەی عەدەد جیهاز بووە چی لێدەکەی؟ دەیکوژی یان دەڵێی بڕۆ دانیشە لەماڵەوە؟ چۆن شتی وادەکەی لەگەڵ کادرو هەڤاڵی یەکێتی؟ بەڵکو دێی سەرلەنوێ دەیخەیتەوە گەڕو تەوزیفی دەکەیتەوە. دەڵێی کاکە حەزت لێیە ببیتە مەسئولی ئیمەیلی مەکتەبی سیاسی، یان سەرکردایەتی، یان لەپەیوەندییەکان لەجێگایەکی دیکە ئیش بکەیت؟ هەمان ئەو شتە بۆ ئەو خەباتەی ئێمە دەیکەین، واردەو دەبێ رەچاوی بکەینو کاری لەسەر بکەین.

## بۆ هەموو هەلومەرجەکان دەبێت یەکێتی پرسیار بکات

دێینە سەر ئەوەی بۆ ئەمڕۆ چی بکەین‌و هەلومەرجەکەمان چییە؟ بۆ نموونە ئێستا من لەئێوە دەپرسم وەزعی کەرکوك چۆنە؟ ئایا ئەمن ماوە؟ نەماوە. کەواتە ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەوە ناکەین چۆن رووبەڕووی بەعس و جاسوس و ئەمن ببینەوە. سەیر بکەن هەندێك خاڵ هەیە دەیکوژێنینەوە لەگفتوگۆکەماندا. دەپرسم خەڵك بەزۆر دەکرێ بەعەرەب؟ ئێوە جوابم دەدەنەوە "نەخێر"، بەڵام عەرەبەکان ناڕۆنەوە. سەیر بکەن وەزعەکە گۆڕاوە، شێوەی پرسیارەکەشمان گۆڕاوە. کەواتە پێویست ناکات دە کەسمان تەرخان بین بۆ ئەوەی کە بچین بۆ بازاڕی رەحیم ئاوا بڵێین "ئێمە کوردین ناتوێینەوە". پێویست ناکات ئەوە بڵێین. بەعس رووخاو کەوت. ئێمە دەبێ شێوەی خەباتەکە بگۆڕین. چۆن وابکەین عەرەب ناچار بکەین بڕواتەوە شوێنی خۆی؟ چیمان هەیە لەبەردەست؟ لەڕووی یاساییەوە مادەی ١٤٠مان هەیە، لەڕووی هۆشیارییەوە چیمان هەیە، چۆن کار لەسەر ئەمە بکەین؟ ئەگەر لەمن بپرسن بۆ نموونە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەداهاتوودا دەبێ بیر لەوە بکاتەوە ئەرکەکانی قۆناغی داهاتوومان چییە؟ چی لەو ئامانجانەی دامانناوو بەدیهاتوون‌و چ ئامانجێکی تازە هاتۆتە پێشەوە کە ئێمە دەبێ کاری لەسەر بکەین‌و هێزی بۆ ئامادە بکەین؟ بەڕای من ئێستا هەلومەرجێکی

تازە هاتۆتە پێشەوە لەکوردستانو لەعیراقو ناوچەکە، دەبێ یەکێتی دیراسەی ئەم هەلومەرجە بکاتو بەگوێرەی ئەمە سیاسەتەکانو ئیشەکانی خۆی رێکبخاتەوە. بۆ نموونە ئێستا لەعیراق هەلومەرجێکی وا هاتۆتە پێشەوە کە کێشەیەکی گەورە هەیە لەناو هێزە سیاسییەکانی عیراقدا. دەبێ (ی.ن.ك) ئەم پرسیارانە لەخۆی بکات: لێی بگەڕێم بۆ ئەوەی ئەم کێشانە بەردەوام بێو من سوودی لێوەربگرمو عەرەبەکان سەرقاڵ بن؟ یان نەخێر بەشداری بکەم لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا؟ دەڵێم من حزبم، بەیاننامە دەردەکەم، کادرم هەیە بەشداری دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا لەحکومەتم، سەرۆك کۆمار لەخۆمە، جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق لەخۆمانە، چەند ئەندام پەرلەمانێك هەیە لەسەر لیستی (ی.ن.ك) لەبەغداو بەشداری دەکەن لەدارشتنی سیاسەتی عیراقی، هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ پارتی و چەند حزبێکی تری کوردی هەیە، ئەمانە کەرەستەی بەردەستمانە، چۆن وابکەین ئێمە بەشداری بکەین لەچارەسەری کێشەکانی عیراق؟ وای دابنێن ئێمە پێمان باش نییە کێشەکانی عیراق چارەسەر بن، چۆن وابکەین کێشەکانی عیراق چارەسەر نەبێ؟ ئایا لێیگەڕێینو بێینەوە سلێمانی لێی دانیشین؟ هەندێك جار رەنگە واپێویست بکات بەچەشنێکی تر سیاسەت بکەین بۆ نموونە لەسیاسەتی عیراقی. بەشداری دەکەین بۆئەوەی سەرکەوتوو نەبێ، بەشداری دەکەین بۆئەوەی بیانوو بهێنینەوە، لێرەدا سیاسەت

دادەڕێژین بۆ یەکێتی، ئەزموون نیشانیداوە هەتا کێشە لەعیراق هەبێ کێشەکانی کورد دوادەکەوێ، هەندێك کەسیش دەڵێن نەخێر، ئەزموون نیشانیداوە هەتاوەکو شیعەو سوننە ناکۆك بن بۆ کورد باشە، هەتا یەك دەگرنەوە دژی کورد دەردەکەون، ئەمەش رایەکە، منو تۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم بۆچوونانە دەکەین بزانین کامی باشترە، خۆ هەڵبەت شتێك نییە سەد لەسەد لەدڵی خۆمان بێ، بەڵام قازانجی یەکبوونی عیراقییەکان زیاترە یاخود قازانجی ئەوەی کە عیراقییەکان یەك نەبنو هەروا کێشەو گرفتیان هەبێ لەگەڵ یەکترداو، پێچەوانەکەشی؟ ئەمانە هەمووی لێکدەدەینەوە بەگوێرەی زیانو قازانجی میللەتەکەمان، بەمجۆرە بڕیار لەسەر سیاسەتەکان دەدەین، من رام وایە هەتا کێشە هەبێ لەعیراق، کێشەکانی کوردستان زەحمەتتر چارەسەر دەکرێن، بەتایبەتی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەو کێشانە پەیوەندیی بەعیراقەوە هەیە، عیراق دەبێ جێبەجێیان بکات، ئەگەر عیراق کێشەی هەبێت، کێشەکانمان دوادەکەون، بۆ ئەو رۆژەی شیعەو سوننە یەك بگرنەوە، ئەگەر شیعەو سوننە یەکی گرتەوە، هەردیسانەوە ئەو کێشەیە دێتەپێشەوە کە بەهێزن دژمان دەوەستن، نەخێر زووتر بگەینە ئەو قۆناغەی بزانین کێشەکانی ئێمە چۆن چارەسەر دەکەن؟. باشترە.

# یەك یەكێتی
# بۆ دەیان ئەركی كوردستانیی

یەكێتیی نـاو یـەكـێتـی مـژدەیـەكـی پـیـرۆزە هـەمـوو یەكێتییەكانو هەموو تێكۆشەرانی كوردایەتی لەدۆستو هاوپەیمانەكانی ئەم قۆناغەی خەباتی گەلەكەمان دڵخۆش دەكات. لە یەكێتیی ناو یەكێتی گرنگتریش خستنەگەڕی توانای یەكێتییەكی پتەوە بۆ ئەركەكانی قۆناغی داهاتوو.

ڕوودەدات حزبی سیاسی بەهۆی گیروگرفتی ناوخۆییەوە ماوەیەكی زۆر سەرقاڵی چارەسەركردنی كێشەكانی بێت، دوای چـارەسـەر ئینجا بێتە سـەر هێڵی جێبەجێكردنی ئەركەكانی سەرشانی، بەڵام یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لـەم ئیمتیازە ئاسانو لـەم رەفاهیەتە سیاسییە بێ بەشە. یەكێتی لە گەرمەی ناكۆكیو ناجۆری ریزەكانی نەیتوانیووە دەستبەرداری ئەركە نیشتمانییەكانی بێت، بەڵام بێگومان

یەکێتییەکی کێشەدار هەتا ئەگەر نیەتی ئەرکی باشیشی هەبێ، وەك ئەوەی پێ ناکرێت کە ناوەکەی گوزارشتی لێدەکات: یەکێتی.

وەکو یەکێتی لەو ئیمتیازە مەحرومە کە جەماوەر لێی ببورێ تادێتەوە سەرخۆی‌و ماڵی خۆی رێکدەخاتەوە، کاتیش شمشێری دیموکلیسە لەسەر سەری یەکێتی، بەتایبەتی لەم هەموو هەڕەشەو تەحەدیاتانەی سەر کوردستان کە گشتیان سوارچاکیی یەکێتیان گەرەکە تا گۆڕەپانی چارەسەری، گەرمو گوڕتر بێت. تا کورد بیانقۆزێتەوەو لەهەڕەشەوە بیانکاتە دەرفەت.

ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی کوردستان ئەوەندە زۆرو زەوەندن کە تەنها بە یەکێتی، یان بەحزبێکی تر، راناپەڕێنرێت، چ جای ئەوەی یەکێتی چارەك، یان نیوەی هێزی خۆی، بۆ بخاتەگەڕ.

یەکێتییەکی بەهێز دەرەقەتی ئەوە دێت خۆی‌و هێزەکانی تریش بخاتە سەر کەڵکەڵەی جۆشدانەوەو دەستپێشخەری بۆ چارەسەری تەنگژەی سیاسی‌و دەرهاویشتەکانی لە تەنگژەی دارایی‌و شەڕی داعش‌و شەڕی چارەنووسیی یەکجارەکی کوردستان.

لەم ئاستەدا کۆششی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی، سەرەتایەکی گرنگە بۆ هاتنە سەر هێڵی پەرەپێدانی سیاسەتی یەکێتی کە ئەمڕۆ کۆمەڵانی خەڵکی

کوردستان ئومێدیان لەسەر هەڵچنیووەو داوا لە یەکێتی دەکەن رۆڵـی شایان بە مـێژوو، بە پێگەی خۆی وازی بکات. کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٦/١/٢٤ی فەرماندەکانی هێزەکانی ٧٠ بەسەرپەرشتی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیو کۆبوونەوەکانی پێشوو و لەمەودواش وێستگەیەکی تازەن بۆ یەکێتیی ریزەکانی یەکێتی، گەرەکە تەوقەکانی هەڤاڵێتیو گەردن ئـازادی بچنە قۆناغی قۆڵهەڵماڵین لەڕێی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی لـەبـەردەرگـانو چیتر چاوەڕێ ناکەن.

یەکێتییەکان یەکێتیی نـاو یەکێتیان بۆ خۆیان دەوێو هەروەها (یەکێتی)یان بۆ ئەرکەکانی کوردایەتی لە (نیشتمان) ی (کوردستان) دەوێت.

مژدەیە کە یەکێتی یـەك بێت، ئەمەش پێویستییەکی ناوخۆییە، جا چونکە یەکێتیش بۆ خەڵك گرنگە، ئەم پێویستییە ناوخۆییە بۆتە پێویستییەکی نیشتمانیش. سەرەنجام مژدەی گەورەتریش ئەوەیە ئەم یەکێتییە بۆ پێداویستی کوردستان، هەر ئێستا، نەك دواتر، بخرێتەوە گەڕ.

*ژمارە: (٦٨٨١) **سێشەممە ٢٦/ ١ /٢٠١٦**

# کاتێتی!

لەم چەندانەدا گفتوگۆ لەسەر کۆنگرەی یەکێتی گەرم بۆتەوە. چونکە یەکێتیش وێردی سەر زمانو سەرقاڵکەری دونیایە بەخۆیەوە، باسی کۆنگرەشی دەبێتە باسێکی گشتیو لە سنووری هەڤاڵەکانیو رەوشی ناوخۆی ناوەستێت، بەڵکو یارو نەیاریش قسەیان تێدا دەبێت. بەستنی کۆنگرە هەر ئیستحقاقێکی دیموکراتیو پێویستییەکی دەروون حزبی نییە، بەڵکو پێویستییەکی گرێدراوی رەوشی کوردستانو ئەرکی قۆناغی داهاتووی یەکێتیشە لە فەزای گشتی سیاسەتی وڵاتدا.

**لە فەزا گشتییەکەوە دەست پێبکەین:**

-دوا کۆنگرەی یەکێتی لە حوزەیرانی ٢٠١٠ کراوە. ساڵێك

دوای ئەوە بەهاری عەرەبی قەوماوە کە دونیای دەوروبەری ئێمەی هێنایەوە سەر پلێتی سەرەتای دەستپێکردنی مەسەلەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. مەسەلەکە لە دەرو دراوسێ جوڵاوەو گەرەکە یەکێتی، کە بۆ کوردو کوردستان درووستبووە، بە گوێرەی ئەم پێدراوە تازانە، کاغەزو دۆسێکانی، هێزو قودرەتمەندییەکانی، بەرنامەو ستراتیجەکەی رێکبخاتەوە.

- لە ماوەی ٦ ساڵی رابردوودا نەقڵەی زۆر لە شەترەنجی دۆستایەتیو هاوپەیمانییەکانی یەکێتی روویان داوە. لەگەڵ گۆڕان نزیکایەتیو رێککەوتنو لەگەڵ پارتیش پێداچوونەوەیەکی نەرم بە رێککەوتنی ستراتیجی هەیە کە نەگەیشتۆتە ترازان، بەڵام پێویستی ئەبدەیت کردنەوەی پەیوەندییەکانیشی کردۆتە واقیع. لە ئاستی عیراقو هەرێمایەتیشدا سەرەتای دێرینی چەپایەتی (ململانێو رێککەوتن، رێککەوتنو ململانێ) بوژاوەتەوە.

- لە سیاسەتی کوردستانێتی پەیەدەو پەکەکە، خۆرئاواو باکوور جوڵاوەو داعش بۆتە مۆتەکەی سەر سنگ، کەرکووك ژانی چارەسەرێتی، بەغداش بۆتە بەشێك لە جەمسەرگیرییە ئیقلیمییەکەی دوای بەهاری عەرەبیو خۆشی لەگەڵ ئێمە گرفتدارەو مەیلێکی غەداریشی هەیە لە هەمبەر دۆسێی کوردستاندا، سیاسەتی رەسمی کوردستانیش کە کەرت بووە بیانووی غەدری زیاتری دەداتێ.

- ئەم وەرگۆڕانە کوردستانییو ئیقلیمییەش لە سیاسەتدا

هاوشانی:

أ- دەرکەوتەکانی پەککەوتنی پرۆسەی سیاسیی هەرێم، قەیرانی شەرعیەتو شڵەژانی گەورەی داراییو ئابوورییە لەلایەك.

ب- هاوشانی پێدراوی تازەی سیاسەتی نێودەوڵەتییە کە زلهێزەکانیش پێی کاریگەرن، چ جای کوردستانی تازە سەرهەڵداوی دوای بەهاری عەرەبی.

بێگومان یەکێتی لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا بێ سیاسەتو بێ کاردانەوە نەبووە لە ئاستی ئەم پێشهاتانەی نێوان دوو کۆنگرەی سێی سازکراوو چواری چارەنووس نادیاردا روویانداوە، بەڵام ئەو پێشهاتانە هەروا پەرە دەستێننو مەعلومە ئیتر ئاستی بەرنامەی ئێستای یەکێتیو تەفویزی سەرکردایەتییەکەی دەرەقەتی پێشهاتی تر نایەن، چونکە موگناتیسەکە هەر ئەوەندە وزەی تێدایەو ئەگەر وا بڕوا قەیرانی لە مێژینەی رەوایەتی دیموکراتی دەگاتە قۆناغی ژماردنەوەی کاریگەریی یەکێتی لە رووداوە گەورەکانی ئاوسن بە مافی چارەنووسو سەربەخۆیی. یانی لەو رووداوانەی یەکێتی لە وەتەی دروست بووە(ساڵی ١٩٧٥) خەونی پێوە دەبینێو تێکۆشانی گەورەی بۆ دەکات.

دیارە من لێرەدا فێڵێکی بەرچاوم کرد لە هەرەمی وتارەکەمدا کە بە فاکتەرە کوردستانییو ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکە دەستم پێکرد تا بە هەڤاڵەکانم بڵێم ئەگەر

فریای خۆمان نەکەوین پێشهاتەکان بەسەرماندا دەڕۆنو لە کاروانەکە بەجێدەمێنین. ئەگینا کۆنگرە بەستن هیچ پێشهاتێکی گەورەش نەقەومابێت ئیستحقاقێکی دیموکراتیو ڕێکخراوەیی هەرحزبێکە کە بە ڕاستیو لە دڵەوە دروشمی "ئاشتیو دیموکراتی مافی مرۆڤو مافی چارەنووسی" هەڵگرتووەو دوا دێڕی سرودەکەشی دەڵێ:

"قەڵای ئێمە شورەی پشتمان سەنگەرمان هێزی گەلەو (ی.ن.ك)ە رابەرمان".

بەستنی کۆنگرە ئیستحقاقێکی دیموکراتییە، کە دەبێ وا ئاسایی بکرێتەوە کە لە سەرەتای هەموو کۆنگرەیەکدا نەبێتە بابەتێکی وروژێنەر. لە یادمانە لە کۆنگرەی سێدا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ڕێکخستنەوەی وادەی کۆنگرەکانو پێویستی پابەندبوون بە خشتەی کاتی نێوان دوو کۆنگرە کرا.

بۆ گەرمکردنی گفتوگۆی رۆژنامەوانیش هەر لەو کاتە کە سەرقاڵی کۆنگرەی سێ بووین، نووسیم کۆنگرەی چوارەم کەی دەکرێت؟

بەو مانایەی ڕێکخستنەوەی وادەی نێوان کۆنگرەکان، سەرەتای چارەسەری بەشێکی گرنگی کێشە دەروون حزبییەکانی یەکێتییە، چونکە ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی هەڤاڵانە، بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی پەستانی نەوەکانو قەرەباڵغی لە ئیستحقاقی دیموکراتی سەرکردایەتیکردنو نوێنەرایەتیکردنی یەکێتی لە

ئۆرگانەکانو لە ناو سیاسەتی کوردستانیدا.

هەتا ئەم ئیستحقاقە حزبییە دوا بخرێت ترسەکان زیاتر دەبنو گرفتەکانیش لە جیاتی چارەسەر، ئیستحقاقی تر دێننە گۆڕێ.

لێرەدا چەند خاڵێك لەسەر ئەو ئیستحقاقە دەروون حزبییەش باس دەکەم:

-پابەند بوون بە کاتو وادەی کۆنگرەکانەوە ئەرکێکی دیموکراتیو رێکخراوەییە، جێبەجێ کردنەکەیشی مسداقیەتی یەکێتی لە ئاست کادیرو هەڤاڵەکانی، جەماوەرو دۆستەکانی زیاتر دەکاتو جێبەجێنەکردنیشی ئەو مسداقیەتە کەلێندار دەکات کە هەموو جار کۆششێکی حزبی زۆری ویستووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە.

-کۆنگرە بەستن دیاردەی کەڵەکەبوونی نەوەکانو (قەیرەبوون)ی کادیری حزبیی کاڵدەکاتەوەو ململانێی نێوان نەوەکان سروشتیی دەکاتەوە، بەوەی دەیکاتە ململانێی نێوان دوو کۆنگرەی مەودا کەم، نەك دەیەیەك لە تەمەنی سیاسەتی کوردستانیی.

-بەشێکی هەرە گەورەی قەیرانی سیاسییو قەیرانی دیموکراتی لە کوردستاندا پەیوەستی قەیرانی حزبایەتییە. حزبەکان پاڵەوانی پڕۆسەی دیموکراتیو راستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی پەکخستنی پەرلەمانو شەرعیەتو پڕۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتن. حزبی تەندروستو خاوەن

(سیحەتی باش) دەرەقەتی ئەم ئەرکە دیموکراتییە دێت، هەڵبەت هەموو حزبەکان بە پلەو ئاستی جیا کێشەی دەروون حزبیان هەیەو کەسیان لە تاقیکردنەوەی پێوەریی ساغلەمی یەکەم دەرناچن، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر یەکێتییەکەی خۆمانە کە هەر کاتێك دەستپێشخەریی کرد، دەبێتە نموونە بۆ ئەوانی تریش.

ئەگەر حیزبەکان رەوتی دیموکراسی ناوخۆییو شەرعیەتی نوێنەرایەتی حیزبەکان پەرەپێبدەنو پێوەی پابەندبن، دیموکراسی گشتی ناو کۆمەڵو هەڵبژاردنە گشتییەکانیش سەلامەتو ساغڵەم دەبنو ترسی پاشەکشێو دواکەوتنی ئەزموونی دیموکراسیمان لەسەر نامێنێ.

- رەنگە هەبن ترس لە ترازانو رازی نەبوون بە ئاکامی کۆنگرەکان، بکەنە بیانوو بۆ پێویستی تەوافوقو بڕیاردان لە ئاکامی کۆنگرە، پێش وادەی بەستنیشی، بەڵام ئەم ترسە تا ئێستاش کارێکی نەکردووە بتوانین کۆنگرەیەکی ئاسایی ببەستینو هەر ئەو مەترسیانەی دروست کردووە کە لێی ترساوین، بۆیە گەرەکە کۆنگرە بۆ ئەزموونی خۆی بەجێبهێڵرێتو بە قۆناغبەندی چەند کۆنگرەیەك رێڕەوەکە راست دەبێتەوە، ئەگەر قسە لەسەر سازانیش بێت، هەقە لەسەر کۆنگرەیەکی بێ ئاکام پێشوەختە سازان بکرێت، واتا سازان لەسەر رەتکردنەوەی سازانی پێشوەختە بکرێت.

ئەگەر سازان دەکرێت، هەقە سازان لەسەر رێژەی

نوێبوونەوە، ڕێژەی جێندەریی، ڕێژەی تێکەڵکردنی ئەزموونی تێکۆشەرانی دێرینو نەوە، یان نەوەکان، بکرێت. لەسەر هەیکەلی نوێی حیزبی بکرێت، نەك لەسەر ڕێژەی فراکسیۆنە حیزبییەکان.

***ژمارە: (٧٠٣١) هەینی و شەممە ٢٩-٣٠ /٧/٢٠١٦**

# بەمجۆرە بێلایەنین،
# بەمجۆرە لایەنداریی دەکەین

زۆر جار لە کاتی تەنگژە حزبییەکاندا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە داخۆ کوردستانی نوێ، یان راگەیاندنی یەکێتی، بۆچی ئەم هەواڵو ئەو رووداوو ئەم دیاردەو ئەو دەرکەوتی حزبی، کە روو دەدەنو جیاوازی نێوان هەڤاڵان دەردەخات، رووماڵ ناکەن؟ ئایا باشتر نییە ئەمانە لە سەکۆی میدیایی خۆمانەوە بڕوات، تا ئەوەی میدیای تر بە ترشو خوێی کەمو زیادەوە، کە تامی چێشتەکە سوێر، یان کەم خوێی دەکات، بڵاوی بکەنەوە؟ ئایا لای خۆمان بڕوات بە رەحمتر نابێت، بابەتی ترو هێمنترو تاڕادەیەکیش دەرەقەتی خستنەڕووی باشتری نابێت؟ ئەمانە تێبینی دروستن، بە مەرجێك ناسنامەی هەواڵو زانیاری لەسەر دەرکەوتە حزبییەکان

دیاری بکرێت، بزانرێت چۆنی دەوترێت.

١-ئایا ئەم هەواڵو زانیاریانە هی دەروون حزبین، یان پەیوەندییان بە رەوشی گشتیی وڵاتەوە هەیە؟

٢-ئایا دەشێ ئۆرگانی بڵاوکراوەی رۆشنبیریی حزبی سنووردار، (وەك گۆڤاری رۆشنبیریی حزبیو بڵاوکراوەی ناوخۆیی بۆ پلەکانی ئەندامێتی) جیا بکرێتەوە لە رۆژنامەو میدیای حزب، کە حزب بۆ وڵاتو بۆ کۆمەڵگە دەری دەکات. عادەتەن رۆژنامەیەك بۆ کۆمەڵگە؛ با حزبییش بێت، ئەولەویەت دەداتە کێشە گشتییەکانو لە ئاستی کێشە حزبییەکانی خۆیاندا، ئەگەر کێشەکان گەورە بن هەوڵ دەدات وایان رووماڵ بکات، رووماڵێکی گشتی بن، نەك رۆژنامەکەی خۆی بکاتە سەکۆیەك بۆ تەشەنەسەندنی گیروگرفتە حزبییەکان، چونکە کەس مینبەر بۆ تانەو تەشەر، لە خۆیو ئۆرگانی خۆی، دانامەزرێنێت.

٣-بەشێك لە هەڤاڵان پێیان وایە ئۆرگانی بڵاوکراوەی ناوخۆییو دامەزراوە حزبییەکان جیاوازی سیاسیو ناکۆکییەکان لەسەر مەسەلە حزبییەکان تێر ناکات، بۆیە ناچارن لە مینبەری میدیاوە باسی دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە هەنجەتێکی لاوازە، چونکە ئەم پرسیارە هەقە لە نەریتی حزبایەتیو دامەزراوەکانی بکرێت، کە بۆچی ئەو پێداویستییە تێر ناکات، نەك کێماسییەکەی بخرێتە ئەستۆی میدیای گشتیی حزبییەوە، گوایە بۆچی نابێتە ئەڵتەرناتیڤی

نوقسانییەکی دەروون حزبی. میدیای حزبی چەند دڵسۆزی حزبیش بێت هەق نییە بار بکرێت بە ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو ئەرکەی دامەزراوە ناوخۆییەکانی حزب لەسەریانە جێبەجێی بکەن، بۆ ئەوەی کێشەکان بە فیعلی ناوخۆیی بن. میدیای گشتی حزبی حەزی لێیە ئەو دڵسۆزیو پەرۆشییەی هەیەتی، لە قازانجی سەرخستنی ناوبانگی حزب، لە ململانێی هەڵبژاردنو ململانێی سیاسیی لەگەڵ حزبەکانی ترو لەگەڵ رێبازە سیاسییەکانی تردا تاقیبکرێتەوە. لەوەدا قازانج بە حزب بگەیەنێت کە رۆژنامەو میدیایەکی باش بێت لە ئاراستەکردنی رای گشتیی وڵات بەرەو لای کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگە، تا ئەوەی سەرقاڵ بکرێت بە کێشە دەروون حزبییەکانەوە کە خەمی ئۆرگانو جەماوەری حزبەکەن، نەك خەمی هەموو کۆمەڵگە. کۆمەڵگەیەك حزب بۆ خزمەتی دروست بووەو لە ئاکامدا ژمارەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە حزب گەورەترە. با حزبەکە گەورەو خاوەن ئەندامی زۆریش بێت. بە راشکاوی بیڵێین، لە هەموو دنیادا میدیای حزبو هەتا میدیای بێلایەنیش، کە لەلایەن حزبەکانەوە ئاراستە بکرێن، لە رووماڵکردنی رووداوی حزبیدا دارشتنو کارکردنی وا دەبێت ئیحتوای تەنگژە بکات، تا ئەوەی گەورەی بکات. لە تەجرەبەی کوردستاندا ململانێی نێوان حزبەکان دەریخست کە هەر حزبەو کێشەی خۆی بچووکو هی حزبەکانی تر گەورە دەکاتەوە. ئەوە تەنها

دیاردەی ناو یەکێتی-یە بە دەنگی بەرز لەسەر بچووکترین گرفتی خۆی قسە دەکرێتو دەکرێتە پێخۆری میدیای نارەسمیی حزبی ترو ئەم شتە خراپەشی ناوناوە لیبرالیەتی یەکێتی، کە لە ڕاستیدا ئەوە ماڵوێرانی یەکێتی-یەو هەتا مام جەلال بە تەندروستی خۆیەوە بووە، چاویلکەی نەزەری فراوانی لە راگەیاندن کاری دەکردو گۆچانی دەستی بۆ راستکردنەوەی کەموکوڕیی حزبیو باوەشی گەرمی بۆ لێخۆشبوون لە کایەدا بوو، لە کایەی مامدا ئەم جۆرە فەرهەنگە ماڵوێرانە بۆ باسکردنی زەقی کێشەکانی ناوخۆی حزب لە راگەیاندنی رەسمییەوە بڤە بوو، لە قاو دەدراو جێی رەخنەو تانەی حزبی بوو. کەچی ئێستا پێش ئەوەی بیرۆکەو بڕیار، پێش ئەوەی پێشنیازو گوشاری نەرمی حزب گەڵاڵە ببیو ببێتە باسی ئۆرگانە ناوخۆییەکان، لە میدیاکانەوە وەك کێشەی گشتیی کۆمەڵگە تەرح دەکرێت. بەداخەوەش بەشێك لەو هەڤاڵانەی پێشتر ئاگاداری ئەم نەریتە ئیعلامییە حزبییەن؛ لە راگەیاندنی یەکێتیو لە تەجرەبەی کوردستانی نوێدا "کە دەربەستی زەقنەکردنی کێشە حزبییەکانە" لە دۆخی ئێستادا وا وێنای دەکەن کە لەگەڵ کرانەوەی بێ سنووری راگەیاندنی گشتیی حزبدان. لەوەدا هەقە بپرسین جا ئێوە ئەو لیبرالییە باشە دەزانن بۆ ئێمەشتان فێر نەکرد، تا لە دوای ئێوەش ئەو نەریتەی ئێوەمان درێژە پێبدایە؟ لێرەش مەبەستمان لەوە ئەو نەریتە نییە کە بە واقیعی جێگیریان

کرد، بەڵکو ئەو نەریتەیە حەز دەکەن وای نیشان بدەن داوای جێگیرکردنی دەکەن.

ئێمە وەکو میدیاکاری حزب لە کوردستانی نوێ بە واجبی خۆمانی دەزانین ئەرکەکان وا دابەش ببێت کە:

-ئۆرگانە ناوخۆییەکانی حزب بۆ ئەوە کارابن ئیدارەی مشتومڕی سیاسیو جیاوازی روانینی جیاجیای هەڤاڵانی پێ بدرێتو پێ بکرێت.

-بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی یەکێتی وەکو "رێبازی نوێ و گۆڤارو رۆژنامە ناوخۆییەکانی مەڵبەندەکان" تا ئەوپەڕی سەربەستبن لە گفتوگۆو دیالۆگی ناوخۆیی لەسەر دیاردەکانی، ناکۆکیو تەباییەکانی ناو یەکێتی.

-میدیای گشتیی حزب کە رووی لە کۆمەڵگەو وڵاتە لە سنووری بابەتی گشتیدا قسە لەسەر کێشەو هەواڵو رووداوە حزبییەکان بکاتو هەموو هەڤاڵان لەسەر ئەوە کۆك بن سەکۆی میدیای حزب تەنها بەم جۆرە هەواڵو رووداوە گشتییانە دەوڵەمەند بکەن، لە جیاتی تەسریبو دزەپێکردنی سەرچاوەی نادیار، لەجیاتی زمانی زبرو تەسریبکردنی کێشە ناوخۆییەکان و ئینجا داواکردن لە میدیای رەسمیی حزب کە ئەویش لەوێوە کۆپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە، واتا تەنانەت میدیای گشتیی حزب لەم ئاستەدا ببێتە پاشکۆی کەناڵی ترو لەوانەوە شتە حزبییەکان بگوازێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە سێ پێداویستییەوە:

١-هەڤاڵان، هەموو هەڤاڵان، دارِشتنو بایەخپێدانو دیدگای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شتە حزبیانە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتی میدیاکاران بەجێبێڵن، مەگەر پێشنیازی هەڤاڵانەو لە سنووری ماقوڵدا بێت، لەگەڵ میدیای حزبیشدا سەرەتای ریزبەندی حزبی رەچاو بکرێت کە هەر ئۆرگانێك، بەرپرسو پلەداری خۆی هەبێت.

٢-زمانی لێدوانو پێدانی زانیاریو بەلاغەکان زمانی چەپکە گوڵەکە بن. کە زمانی هاوچەرخی دیموکراسییەکی سەنگینو لەهەمانکاتیشدا زمانی راسپێردراوی مام جەلال-ی سەرکردە بۆ هەموو یەکێتی-یەکان و مام جەلال-ی رۆژنامەنووسیشە بۆ ئێمەی میدیاکاری حزب.

٣-بە جیاکردنەوەی ستراتیژیی مامەڵە لەگەڵ ئۆرگانی ناوخۆییو ئۆرگانی روو لە دەرەوەی، وەکو رۆژنامەو تیڤی، گرنگە لە دۆسیێی هەواڵو زانیاریی حزبیدا فلتەری راستیو فلتەری بابەتی بوونو کەمێك فلتەری پاراستنی ناوبانگی حزب هەبێت، ئەگەرنا هەموو شتێك بوترێو بڵاوبکرێتەوە، سبەی زۆر زەحمەتە قەناعەت بە جەماوەری دەنگدەرو جەماوەری باوەرمەند بە ستراتیژو سیاسەتی یەکێتی بهێنرێتەوە کە ئەوی لە مشتومری حزبیدا وتراوە سوبعەتی شەری حزبیو شەری راگەیاندنی حزبەکان بووەو یەکێتی وا گەورەو وای کردووە، کە هەر واشە یەکێتی مەزنەو کاری مەزنی بۆ کوردستان کردووە، بەڵام کە هەموو شتێك خرایە

سەر تەناف، چی دەمێنێ وەك نهێنی ماڵو نهێنی حزبمان؟.

لەم چوارچێوەیەدا لە کوردستانی نوێ نەك هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی زانیاریی حزبیو رووماڵکردنی بەسەرهاتو پەرەسەندنەکانی حزبین، بەڵکو وەك مەیلێکی رۆژنامەوانیش ئارەزوو دەکەین سەرچاوەی هەموو شتێك بین لەبارەی یەکێتی-یەوە، ئارەزوو دەکەین لەسەر سەکۆی رۆژنامەکەمان هەموو گوڵەکان بگەشێنەوەو چەپکە گوڵەکە لەم گوڵدانەدا کۆببێتەوە، بە مەرجێ زمانی گوڵ، گوڵ بگرێو ئەو هەڤاڵانەی حەزیان لە ئازادیی بیرورایەو زۆریان پێ خۆشە ئەم چەمکە گەشە بکاتو یاریی دیموکراسی بکەن، هەمیشە لە بیریان بێت خەڵکی تریش هەیە یەکێتی-یەو ئەویش باوەڕی جیاوازی هەیە، کە هەقی خۆیەتی بەشێنەیی دەریببڕێتو پێچەوانەی رای یەکێکی تر بێت، چونکە گەمەی دیموکراسی سوبعەتێکی جددییە.

هەروەها لە بیرمان بێت کە ئازادیی بیروڕاو گیانی هەڤاڵێتی لە سەکۆی گفتوگۆدا ئەڵقاب گەلی شیرینو پلەبەندی حزبیش تێدەپەڕێنێو ناونیشانی هەڤاڵو بەڕێز دەکاتە سەروەر و نابێ کەس لە بیروڕای پێچەوانەی خۆی زوویر بێت.

ئێمە لایەنگری بنەمایەکی واین بۆ گفتوگۆی پرسە حزبییەکان: بەم مانایە ئێمە لایەندارین، لایەنداری زمانی گوڵەکەین، لایەنداری زۆرینەی یەکێتینو رێز لە کەمینەی جیاوازیش دەگرین لە هەر سەردەمو کاتێکدا بێت، لایەنداری

ڕێبازەکەی مام جەلال-ینو وەفاداری خوێندنگەکەی ئەوین، کە بە ئاسانی خوێندکاری چالاكو چەلەنگو پەرۆشی ناو ریزەکانی دەناسێتەوە.

لەسەر ئەم سەکۆیەوە، دەیلێین بەڵێ، بێ زویربوون، ئەم رۆژنامەیە قۆرخ کراوە، بەڵام قۆرخکراوە بۆ هەموو یەکێتی-یە دەربەستەکان، لەهەموو لایەکەوە، قۆرخکراوە بۆ بیروڕای کوردستانی بە زمانی شیرینی کوردی، عند الایجابیش مقەستی بەشیر دەکەوێتەکار، ئەمە نەریتێکە باوکە دامەزرێنەرەکانی میدیای دەربەستی یەکێتی دایانهێناوەو ئێمەش پێمان پەسەندە، بۆیە لەسەری بەردەوام دەبین. هەموو هەڤاڵانیش، لەهەموو ئاست و ئاراستەکان، عند الایجاب ئەم مقەستەیان بۆ کراوەتە کار، تەنانەت هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی شایەتی دەدەن خودی هەڤاڵ مام جەلالیش میدیای یەکێتی سەرپشك کردووە عند الایجاب لە وتار و قسەی ئەویش مقەستی بەشیر کارا بێت. تەنانەت بۆ خودی خۆشمان کراوەتە کار.

خۆشمان وەك تاکە کەسو وەك هەڤاڵو رۆژنامەنووسیش هەریەکەمان قسەی خۆمان هەیەو مەیلی سیاسیشمان هەیە، ئەمما رێ لە قسەی تری هەڤاڵی تریش ناگرین، کە بە زمانی گوڵ بدوێو حوجە بە حوجە جواب بداتەوە، نهێنی ماڵ بپارێزێ کە هیچ ماڵێکی حزبی بێ نهێنی و تایبەتمەندیی نییە.

**ژمارە: (٧٠٦٣) دووشەممە ٢٠١٦/٩/٥**

# دیزاینێکی ئاسۆیی بۆ یەکێتی

چارەسەر بۆ کێشەکانی یەکێتی هەر گفتوگۆ و لاواندنەوەی باڵ نییە، ئەوەیان چارەسەرێکی کاتییە، بۆ ئەوە باشە رێ لە تەشەنەکردنی ناکۆکییەکان دەگرێت. چارەسەری راستەقینە گرتنەبەری رێوشوێنی حزبیو رێکخراوەیی ئەوتۆیە کە یەکێتی لە دووبارەبوونەوەی "کێشە"ی گەورە دەرباز بکاتو ئەم حزبە جەماوەرییە بباتە دۆخێکەوە، هیچ گروپێك نەتوانێت ئیرادەی ئەندامەکانی، بەتایبەتی ئەندامە ئاساییەکانی لەرێی خواو خاكو خەڵکی کوردستاندا یەکێتین، بە بارمتە بگرێتو تێکۆشانی یەکێتییەکان لەگەڵ دەرەوەی خۆیانو خەباتیان بۆ خزمەتی کوردایەتی دوا بخات. دانیشتن بە دیار داخوازی کوتلەیەك، یان مەتڵەبگەلێکی وا لە دەرەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و دابو دەستووری یەکێتییە،

ڕەنگە بتوانێت کێشەکان بۆ ماوەیەکی کاتی سڕ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت هەڤاڵانی یەکێتیو کادیرانی بەلەنگازی ئۆرگانەکانی لەوە دڵنیابکاتەوە کە گوڵئەندامەکان، بە وەسفی ڕەحمەتی شەهید شازاد سائیب، هەڤاڵێتی ئاسایی بە مافو ئەرکەوە، قبوڵ بکەن.

جاران کە هەڤاڵ مام جەلال لە کایەی ڕۆژانەی سیاسەتی یەکێتیدا بوو، یەکێتییەکان ئەو ئەرکە قورسانەیان بە حیکمەتو پشوودرێژیو هێزی مەعنەویی مام سپاردبوو، هێزی مام دەیتوانی کێشەکان ئیحتیوا بکا و هەمووان بهێنێتەوە پای پابەندێتی بە ڕێبازی یەکێتیو خولانەوەیان لەناو ئیجتیهادی جیاوازی ماڵە گەورەکەدا. بەڵام ئەمڕۆ واقیعێکی تازە هەیە کە یەکێتییەکان لەسەریانە ڕێبازی مام لە غیابی حزووری ڕۆژانەی خۆیدا پیادە بکەن، لە ڕاستیدا ئیحتیواکردن یەك لە تۆمارێکی دوورودرێــژی مـام بـوو کـە هـەر لـە خۆی دەهـات، بـەڵام تاقە بـژاردەش نەبوو، لە تۆمارەکەدا دوای ئیحتیوا خاڵی تریش هەیە، خاڵی ئەرکو فەرمان و ڕانەکردن لەبەرپرسیارێتی. خاڵی پابەندێتی بە پـەیـڕەوو پرۆگرام. خاڵی هەژاردۆستیو خانووە قوڕەکان. خاڵی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی زەرنەقوتە و مشەخۆریو خۆسەپێنی. خاڵی باوەڕ بوون بە سیاسەتی یەکێتی بۆ مافی چارەنووسو خوێندنەوەی واقیعی سیاسیی ناوچەکەش هەیە. ئەمانە کەلتوری مام جەلال-ن، کە ئەگەر یەکێتییەکان لەسەری بڕۆن لە حزووری

مام-دا، کارێك دەکەن هەم یەکێتی بەهێزو ئیعتباری خۆی دەهێڵنەوەو هەمیش دەبێتە ئەنگێزەی دڵخۆشو دڵنیایی بۆ مام جەلال-یش کە یەکێتییەکەی سەربەرزو سەرفرازو بەهێز دەمێنێتەوە، شاگردەکانی لەهەموو ئاستەکاندا، یەکێتیانە هەڵسوکەوت دەکەنو ئەم کەلتورە دەپارێزنو ئەو ئایندەیەی بۆ یەکێتی دەخوازین مسۆگەر دەبێت.

باسکردن لە کۆنگرەیەکی تەندروستو بێ مەرجی ئیحتیواکردن، لەم چوارچێوەیەدا، هەر بۆ ئاڵوگۆڕی سەرکردایەتی نییە کە دیموکراسیو هەڵبژاردنیش مەسەلەیەکی جەوهەرییە، بەڵکو ئەوەشە یەکێتی لە قۆناغی نوێدا دیزاینەکەی وابێت ئەم کەلتورە بپارێزێو پەرەی پێ بدات، کەلتوری پابەندێتی بە پەیڕەوی ناوخۆو گیانی هەڤاڵێتیو یەك یەکێتییەتی.

دیزاینێکی وا یەکێتی لەم هەرەمە ناوەندێتییە ستوونییەوە بچێتە سەر هەرەمێکی ئاسۆیی وا کە لەسەرکردایەتیو ئۆرگانەکانی خوارەوەش بەشداری لە ڕەسمی سیاسەتەکانی یەکێتیدا بەشدارییەکی فراوان بێت. گەڵاڵەی بڕیار لە نێوەندێکدا مۆنۆپۆڵ نەکرێت، کە هەموو جارێك مەرج تەنانەت بۆ کۆنگرەش دابنرێت. ئەگەر پەیامی یەکێتیو هەموو حزبێکی دیموکرات وا ئاسۆیی نەبوایە، بۆچی دەگوترا کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتەو هەموو هەرەمەکانی سەرکردایەتیش جێبەجێکاری سیاسەتە گشتییەکانی ئەو

دەسەڵاتە باڵایە نەدەبوون.

بەم مانایە قسەکردن لەسەر دیزاینی داهاتووی یەکێتی، هەر لەئێستاوە تا رۆژی کۆنگرەی داهاتوو، گەرەکە بەشێك بێت لە گفتوگۆکانی ناو یەکێتیو هەڤاڵانی یەکێتی لە دەرەوەی تەکەتولو تەکەلوسیش خەمی لێ بخۆن، بە جۆرێك کۆنگرەی داهاتوو هەم کۆنگرەی ئیستحقاقی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ بێتو هەمیش کۆنگرەی دیزاینی تازەی رێکخراوەیی یەکێتی بێت کە رێ لە تەمەرکوزی دەسەڵات بگرێو کۆدی بڕیار لە شوێنێکدا نەکاتە دیلی تەکەتولو خۆجیاکردنەوە، هەڤاڵان دەکرێ لەسەر ئەمە گفتوگۆ بکەنو گفتوگۆ بکەین.

*ژمارە: (٧٠٧٤) **یەکشەممە ٢٠١٦/٩/٢٥**

# کۆبوونەوەی دووڕیانە؟

بڕیارە رۆژی ١٠/١٥ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکرێت، تائێستاش بڕیارە بکرێت یان ئەگەر سەعات و رۆژێکیش دوابخرێت. ئەوا هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە بەرواری کۆبوونەوەکە بۆ یەکێتی بەرواریێکی چارەنوسسازو دووڕیانێك دەبێت. کۆبوونەوەکە هی زۆرینە بێت، یان هی هەموان بێت، سیفەتی چارەنووسسازیو دووڕیانی هەر دەمێنێتو ئەم سیفەتەش دەربڕی واقیعێکە پێش ئەوەی ناولێنانێکی ئاسایی رۆژنامەنووسی بێت.

دووڕیانەکە هەر بۆ یەکێتی نییە، بۆ کۆی بزووتنەوەی کوردایەتییە لە باشوور کە یەکێتی لایەنە پێشکەوتووخوازو دیموکراتو هەرە نەتەوەییەکەی پێکدێنێت. نەك هەر

یەکێتییەکانو دۆستانی یەکێتیی، بەڵکو رکابەرە سیاسییەکانیشی خۆیان بە پەیوەندداری ئەم دووڕیانە دەزانن. داخۆ لەگەڵ چ جۆرە یەکێتییەکی نوێ بەرخورد دەکەن؟ نەیارانی رکابەری یەکێتی لەناو پڕۆسەی سیاسیی کوردستان یان هی عیراقدا کەیفی خۆیانە. ئەوی گرنگە یەکێتیو لایەنگرانیو دۆستەکانێتی.. ئەوانە بە سەد داوی خەباتگێڕی شۆڕشی نوێو تێکۆشانی بازنەی فراوانی رێبازی مام جەلالەوە پەیوەستن.

ئەمانە خاوەندارێتی لە خەمو خولیای کۆبوونەوەی داهاتووی یەکێتی دەکەنو هەقیانە داوای گیانی بەرپرسیارێتی بەرزو پەرۆشی هەرە باڵای ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکەن.

## سێ خەسڵەت

رەنگە لە ئەندێشەی هەموو هەڤاڵێکی سەرکردایەتیدا بیرۆکەو روانین زۆر بێت کە کەڵكو سوودیشیان بۆ یەکێتی هەبێت، بەڵام لەم دووڕیانەدا سێ خەسڵەت بۆ ئەو بیرۆکانە گرنگن:

-بە کەڵکی قۆناغەکە بێتو بۆ یەکێتی بێت.

-یەکێتی بەهێز بکاتو ناوبانگی بپارێزێتو رێوشوێنی ئەبدەیتکردنەوەی ئامادەکردنی بۆ ئایندەی خەبات دابین بکات.

-ئەسڵی یەکێتی لەبیر بێت کە مام جەلال بۆ (نیشتمانیی کوردستان) دایمەزراندو لە نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟)دا رۆحی فەلسەفەکەی دیاری کردووە کە (بۆچی) دامەزراوە؟ رۆحی ئەو فەلسەفەیەش ئەوەیە بۆ هەموو قۆناغێك (بۆچی)یەکان دیاری بکرێنو وەڵامیان بۆ ئامادە بکرێت.

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ بەشو بەشکاریو بۆ تەوافوقی بێبنەمای لە ئاسمان راوەستاو نەبێت، بەڵکو بۆ نەخشەرێی چارەسەر بێت بەرەو کۆنگرەو وەرگرتنی سەرلەنوێی تەفویزی بنکەی فراوانی حزبی.

باشترین رەچەتەیەك بۆ تێپەڕاندنی ترسو بیمی یەکێتییەکانو دۆستەکانیان لەم کۆبوونەوە دووڕیانە ئەوەیە سەرکردایەتی، سەرکردانە بیر بکاتەوە. گفتوگۆی مەسەلە گەورەکان بکاتو بڕیاریان لێبدات، تا بەگەورەبوونی هەمووان شتە لاوەکییەکان زۆر بچووك بێنە بەرچاوو لەخۆڕا، لە گەرمەی ئامادەکاریی بۆ بەرپاکردنی سیاسەتە گەورەکان، ئەم شتە بچووکانە خۆیان ڕێیی چارەسەر بدۆزنەوە.

کۆبوونەوەکە گرنگەو دووڕیانە، بەڵام لە کۆبوونەوە گرنگتریش هەیە، کۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو مەسەلەی کوردو مافی چارەنووسەکەیەتی. مام جەلالو هەموو یەکێتییەکان، یەکێتییان بۆ ئەوە ویستووەو دەبێ هەر بۆ ئەوەش بمێنێتەوەو گەشە بکات. کە چەتری کۆکەرەوە

بێت لە پایزو زستانو بەهارو هاوینیشدا. لەبەرئەوە هەموو کوردستانییان خاوەندارێتی لە چییەتیو چۆنێتی یەکێتی دەکەن.

لەبەرئەوە کۆبوونەوەیەکی لە خۆبردووانەمان دەوێت، هەر کاتێك بکرێت، کە تا زوو بێت باشترە.

***ژمارە: (٧٠٩١) هەینی و شەممە ١٤-١٠/١٥ /٢٠١٦**

# بێزاری ببێتە بێداری

بە هەردوو بارەکەدا دۆخی کوردستان پەیوەستی دۆخی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

نەیارەکان ئەم راستییە وا وێنا دەکەن کە هەموو کێشەکانی کوردستان بەهۆی کێشەکانی یەکێتییەوەیە، دۆستو یارو چاودێرانی بابەتییش هەر دیسانەوە دەڵێن کێشەکانی یەکێتی وایکردووە نەپەرژێتە سەر کێشەکانی کوردستان تا چارەسەریان بکات. وەنەبێ یەکێتی ئێستاش ئاگاداری کێشەکانی کوردستان نەبێت، بەڵام روونە کە ئەگەر یەکێتی خۆی کێشەی نەبێ دەتوانێ وەکو جاران چارەسەرییەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. رەوتە سیاسییەکانی تر هان بداتو تەشویقیان بکات ئەم چارەسەرییانە پەسەند بکەنو لەگەڵ یەکێتی دا جێبەجێی بکەن، یاخود بە قەناعەت

پێهێنانو ئاڕاستەکردنی هێزی سیاسی خۆی چارەسەرییە خراپەکان لە قاوبداتو نەهێڵێ ببنە تاقە بژاردە لەبەردەم کوردو کوردستاندا.

سەیری دۆخی خراپی پەیوەندییەکانی هەرێمو بەغدا، هەرێمو ناوچە دابڕێنراوەکان، هەرێمو زۆنەکانی جارانی، سەیری پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان بکە چەندە خراپەو بێ متمانەیی بەسەریدا زاڵە؟

لە هەموویاندا غیابی جددیانەی یەکێتی باعیسی هەوکردنی ئەو کێشانەو درێژە کێشانیانە.

ئەوساو ئێستاو بۆ ئایندەش یەکێتی کە ناونیشانی چارەسەریو پێشکەوتن بووە بەرەو پێشەوە عەسای سیحری پێنەبووەو نییەو نابێ، بەڵام عەسای دەستی یەکێتی ئەندێشەیەکی راستو رەوای ئەدەبیاتی مام جەلال، گیانی دەستپێشخەرییو ئیرادەی جێبەجێکردنو ئامادەیی قوربانیدانە، ئەمانەش لە هەر حیزبێکدابن، حیزبی ئەفغانی یان تەنزانیش بن، سەرکەوتوو دەبنو ئامانج وەدیدێنن. سیحری یەکێتی لە کۆدی رێبازی مام جەلال دایە، کە دەزانێ چی دەوێو چۆنی بکاو چۆن هێزو توانای بۆ ساز بدات، بەجۆرێك ئەو دەستپێشخەرییەی سەرەتا نامۆیە زۆری پێناچێ ببێتە سیاسەتی گشتگیرو باو، کە رەنگە وا باوبێت خەڵکی تر بە یەکێتی بفرۆشێتەوە. وەك ئەو نەزیلە سیاسییەی دەڵێ: کابرای کوردەواری بە مامی وتبوو "تا

من جەلالی بووم، تۆ لەکوێ بووی؟".

کۆدی ئەم ڕێبازە دەستپێشخەرییەکی بێ پەروایە، ویستێکی کوردانەیە بۆ پیادەکردنی بیرۆکەکانو کۆڵنەدان لە ئاست سەختیو بەربەستەکاندا، کۆدەکەی وایە نە لەباری ببەینو نە مرداری بکەینەوە. خوا تەمەنی مام درێژ بکاو سایەی بەسەر یەکێتییەکانو کوردستانی سەرتاسەرەوە بمێنێ، تا ئێرەش کە بە سەربەرزانە هێناویەتی ئەوەندە نووسراو وتەو ڕێنوێنی بۆ دارشتووین کە بەشی دوای دەورانی مافی چارەنووسی گەلی کوردستانیش بکات.

یەکێتییەکان دەبێ ئەم گلەییەیان بە هەردوو بارەکەدا قبوڵ بێت تا ویستی راستەقینەی ڕێبازی یەکێتی بکەنە بەردەبازی پەڕینەوە لەم تەنگژانەی ئێستاش. راستێکەی کەس لێمانی قبوڵ ناکات هەر بەناوی گوڕخواردنەوەوە خنەخن بکەین. گەرەکە بۆ دۆستو یاری بسەلمێنین گرەوکردنیان لەسەر یەکێتی وەك هەمیشە لە شوێنی خۆیدابووە، بۆ نەیارانیشی بسەلمێنین بەڵگەی ناهەقیتان لە هەمبەر ڕۆڵی یەکێتی هەر ئەوەیە کە لەتافی زامداریو داخداری یەکێتیشدا کەسی تر پەرچوویەکی نەهێناوەتە گۆڕەپانەکەوە کە چارەسەری کێشەکان بکاتو قۆناغی یەکێتی بە فەرامۆشی بسپێرێت.

ئەمما قسە رووی لە یەکێتییە، ئەگەر زامو برینی ناوخۆیی یەکێتی چارە نەکرێت سیاسەت وەك گەردوونو

دیـاردەی فیزیایی وایـە بۆشایی قبوڵ نـاکـات، جا لەو ماوەی رابردووی بۆشاییەدا کە خەڵکی تر بەشێوەی خۆیان ویستیان پڕی بکەنەوە، نەیانتوانی و بۆشاییەکە هەر مایەوە: یانی چانسێك بۆ یەکێتی ماوە، دەنا زۆر ناخایەنێ ئیتر کۆدەکەی یەکێتی دەکەنەوەو دۆخی کوردستان چارەسەر دەکـەن، ئەمما بەناوی یەکێتییەوە نا، سەرەنجام شانازی شۆڕشی نوێ قەتیعەی تێدەکەوێت. قەیناکە با بێزاربن لەم ئاگاهیەی ئەم وتارە، سا بەڵکو بێزارییەکەمان ببێتە بێداریو پێچەوانەکەی بسەلمێ!

*ژمارە: (٧١٥١) هەینی و شەممە ٢٣-٢٠١٦/١٢/٢٤

# ڕەخنە بەکردارەوە خۆشەو کرداریش بەڕەخنە ڕێگای ئەزموونی خۆی کورت دەکاتەوە

ئەمڕۆ لەهەر کاتێك زیاتر دەبێ باوەڕمان بەیەکێتی و بەخۆشمان پتەوتر بێت کەدەتوانین ئەم تەنگژەیەش تێپەڕێنین و بیرۆکەکانمان بخەینە خزمەتی چاککردنی یەکێتییەوە. ئەوی گشتییە لەسەکۆی گشتیی میدیاکانەوە باسی بکەین، ئەوی تایبەتی و دەروون حزبییە لەئۆرگانەکانەوە بڵێین.

منیش ئەم شتە گشتییە وەك رای شەخسی خۆم دەڵێم و هیچی تر:

لە(٩/٢١)ەوە بیرۆکەو سەرنجێکی زۆر لەسەر یەکێتی دێن. لەفەیسبوك، لەتیڤی و رۆژنامەکان و سەکۆ جیاجیاکانی قسەکردنەوە هەر کەسەو پێشنیاز دەکات و نەخشە رێگە دادەنێت.

بەشی بەرچاوی ئەو بیرۆکانە لە دڵسۆزی و پەرۆشییەوە

دێن و بیرۆکەی باشیشیان تێدایە. دەڵێم (بەشی بەرچاوی)، کەوابێ تیایاندا هەیە کە خراپن و هەندێکیان هی غەیری یەکێتی و هی ئەوانەیە ئەوساو ئێستاو لەداهاتووشدا خۆشیان بە یەکێتی نایەت و ئەگەر بیرۆکەکانیان باش بوایە، بۆ خۆیان و بۆ حزبەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا.

بەڵام دەستەواژەی (بەشی بەرچاو)یش نسبییە. ئەم هەڵسەنگاندنەش لەڕوانگەی شەخسی منەوەیەو ناتوانم تەعمیمی بکەم. وەك چۆن هەموو ئەوانەی بیروڕایان هەبوو ناتوانن تەعمیمی بکەن و قسەو رەخنەو پێشنیازی خۆیان بەرێگای زێڕینی رزگاری بزانن. ئەمانە هەمووی ئیجتیهادن و دەکرێ لەدواییدا یەکێتییەکان گوڵبژێرێکی لێ دروست بکەن و گەلاڵەی بەرنامەی داهاتووی لێ پێك بێنن چ بۆ کۆبوونەویەکی فراوان، چ بۆ پلنیۆم و چ بۆ کۆنگرەی داهاتووش.

وتم بەشی بەرچاوی باشن، کەوابێ هێشتا دۆخەکە تەندروستەو هێشتا ئومێدمان هەیەو ورەمان بەرزە. ئەوی ورەی بەرزەو ئومێدی هەیە، سەرەڕای شکستی ئەمجارە، دەتوانێت هەڵسەنگاندنێکی دروست بکات بۆ ئەو لێشاوی بیرۆکەو پێشنیازانەی دێنە سەر سەحنەی حزبی و میدیایی. بۆیە دەشێ هەندێك پرەنسیپ دیاری بکەین:

-بیرۆکەی باش خۆی لەخۆیدا باشە، بەڵام گرنگە لەکەسی باشیشەوە بێت، بۆ ئەوەی گوفتارو رەفتار، وتارو

کردار وەکو یەك وابن. بۆئەوەی خاوەنی بیرۆکە خۆشی لەگەڵ یەکێتییەکانی تردا شان بداتە بەر جێبەجێکردنی.

-بیرۆکەی باش ئەو بیرۆکەیەیە غەرەز لێی چاککردن بێت، نەك تەوەللا کردن، ئیقسائو و بە شەخسەنەکردن، تۆمەتبارکردنی خەڵکی ترو شان خاڵی کردن لەهەر بەرپرسیارێتییەك.

-رەخنەو سەرزەنشتیش باشە، بەڵام بەمەرجێ لەدیباجەدا هەر یەکێکمان دان بەبەشی خۆمان لەکەموکورِیدا بنێین و ئینجا، هەڤاڵانە، بەشی هەڤاڵانی تریش دەست نیشان بکەین.

-مادام حزب هەرەمێکی بەرپرسیارێتییە، کە واتا بەرپرسیارێتییەکان لەشکست و سەرکەوتنیشدا بەرِێژە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە. ئەمەش مانای وایە باسی بەشی سەرەوە بکرێت، بەڵام نابێ بەشی هی خوارەوەش لەبیربکەین. هەر بەشەی بە کەم و زۆری بەرپرسیارێتییەکەی.

باشترین دەرفەت بۆ ئەوەی هەڤاڵێتی لەم کاتە ناهەموارەی یەکێتیدا پتەو بکەین، ئەوەیە هەموومان، لەهەر پلەیەك بین، بۆ پلەی ڕاست و رەوانی هەڤاڵێتی بەرز ببینەوەو ئەلقابگەلشیرینی خۆمان نەکەینە پاساو بۆ خۆدزینەوە لەبەرپرسیاری، یان خۆ نەبانکردن لەبەرپرسیاریی. پێویستە پێش حوکمدان و ئەمرو نەهی، میکانیزمی هەڵسەنگاندن دابنێین. تا ئەو میکانیزمە ببێتە سەرەتایەکی نوێ،

نەك ئەمەش بەمیزاج بكەین و بەهەمان ڕێی ناهەمواردا بڕۆینەوە.

-ڕەخنەو پێشنیاز جوانە، بەڵام ئەمڕۆ لەهەركاتێك زیاتر پێویستمان بەزمانێكی ڕێزگرتنە لەیەكتری بۆئەوەی جوانتر بیرۆكەكانمان بگەیەنین و بۆ ئەوەی زبری زمان نەبێتە مایەی گرژی، كە بەو هۆیەوە هەندێك لەوانەی پێویستە هەڵسەنگاندنیان بۆ بكرێت و هەقی خۆیان بدرێتێ لێی دەربچن و قۆناغی نوێشمان بێ حیساب و كیتاب بڕوات.

-ڕەخنە باشە، بەڵام لەڕەخنەش گرنگتر كردارە. ئەوەی كرداری نییەو هیمەتی نەكردووە بۆ یەكێتی و لەسێبەر دانیشتووە تا سێرە لەكارگەرانی یەكێتی بگرێت، ئەوانە ڕەخنەكانیشیان زۆر بڕناكات و كەفوكوڵی كاتێكە و دەبڕێتەوە. ڕەخنەی جددی لەهیمەتكاران و پێشمەرگە ڕەفتارەكانەوە دێت، لەوانەوە دێت كە شەو و ڕۆژ خەریكی كارن و لەبەركار نەپەرژاونەتە سەر ڕەخنە، وەگەرنا لەو مەیدانەشدا قسەیان هەیە.

-لەوەش گرنگتر هەستی یەكێتیانەی هەمووومان، هەر هەمووومان، دەبێت بەكارو هەستیار بێت، تا ڕەخنەی یەكێتیانە لەڕەخنەی دزەپێكراوی نەیاران جیابكەینەوە. چەند ساڵە پیلانێكی سیاسی و ئەمنی هەمە كارە لەدژی یەكێتی خراوەتە گەڕ و بەشێكی ئەم پیلانە بەهەنگوینی ژەهراوی دەرخواردی ئێمە دەدرێت.

بۆیە ئێستا، بێ ئـەوەی نوقمی تیـوری پیلانگێڕان بین، پێویستە بەوریاییەوە بەرپەرچی ئەو پیلانە بدەینەوە، پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتی و دیموکراتیزەکردنی زیاترو زیاتـری ژیانی ناوخۆیی یەکێتی بەشێکی نەخشەڕێی بەرەنگاریی ئەو پیلانەیە، ئەگەر هەموو بیرۆکەیەك لەناو یەکێتی گفتوگۆ کـراو چـاك و خراپـی هەڵسەنگێنرا، پێویستمان بەئامۆژگاری نەیارانی یەکێتی نابێت. یەکێتی لەسەر کادری عاقڵمەندو کەسانی هوشیار پەکی نەکەوتووەو ناکەوێت. گرنگ ئەوەیە هوشیاریی و بڕیارو هیمەتی پێکەوە گرێبدەین.

ڕەنگـە لـەم نێـوانـەدا ئـەرکـی میدیای یەکێتی لەهەر کاتێکی تر قورستر بێت، تەنانەت لەو کاتەیدا کەئێمەش بەشێکین لەدۆخەکەی ناو یەکێتی. گرنگە لەم هەلومەرجەدا هەمووـمان حەوسەڵەی دڵمان فراوان بکەین بۆ ئەو ڕەخنانەی لەسەر یەکێتی دێن. بۆ ئەوەی هەموو ڕەخنەکانی دۆخی یەکێتی لەسەکۆی خۆمانەوە بڕۆن و چاو و مێشکیشمان وا کـراوە بێت نەهێڵین لەپەنا ڕەخنـەوە، خێسە لەیەکتری بگیرێت و رمێن بۆ نەریتی خراپی ئیقساکردنی ئەم، یان ئەو پەیدا بکەین.

بۆ ئەمەش دەبێ هەموو یەکێتییەکان هاوکارمان بن، بەڕەخنەو گفتوگۆی جوان لەسەر یەکێتی و بەوەی ڕێگا چارەکانی پێشنیازی دەکەن، هەڤاڵانە بێت.

# هەڤاڵ هەڤاڵ (یەکێتی) پێکدێنین

دیارترین خەسڵەتی یادکردنەوەی ئەمساڵی یادی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یادی ٣٦ ساڵەی دامەزراندنی، خەسڵەتی هەڤاڵێتی و رۆڵی یەك بەیەکی یەکێتییەکانە لەناو ئەڵقەی هەڤاڵێتی و بازنەی ئینتما بۆ ئەم حزبە گەورەیە لە بچوکترین یەکەی حزبییەوە تا یەکێتییە گەورەکە. یادی ئەمساڵی یەکێتی بۆیە زۆر گەورەو جەماوەری بوو، چونکە یەکێتی لەم یادەدا موخاتەبەی جەماوەری نەکرد وەك یەك حەشاماتی گەورەی دەموچاو نادیارو ئەدگار دەرنەکەوتوو، بەڵکو موخاتەبەی یەك بە یەکی هەڤاڵانی یەکێتی کرد: فەرموو هەڤاڵ تۆ وەك خۆت، وەك ئەندامێکی خاوەن کیان و کەسێتی، لەهەر پلەیەکی رێکخراوەییدا بیت، فەرموو خۆت یەکێتییەکەی

خۆت بخەگەڕ و یەکێتی بوونی خۆت، پێش هەموو کەسێك بۆ خۆت، دووپات بکەرەوە. بەمەش ئێمە لەڕێی یەکێتییەوە، شایەدی قۆناغێکی دیکەین لە دیموکراسی کوردستان کە قۆناغی رۆڵی تاکە لەناو کۆدا، لە پرۆسەی چالاکی جەماوەریدا چ وەك بۆنە بێت، وەك بۆنەی ئێستای یادی یەکێتی، چ وەك کەمپینی هەڵبژاردن لەداهاتووی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لەکوردستاندا.

موخاتیب لەمساڵی یەکێتیدا هەڤاڵی یەکێتی بوو کە لەگەڵ هەڤاڵەکەی ئەو لاو هەڤاڵەکەی تەنیشت و ئەوی ئەو لاوترەوە بانگێشتکرابوون بۆ جۆشدانەوەی حزبەکەیان. کۆی ئەم هەڤاڵانە پێکەوە کە هەریەکەیان ختوکەی غیرەت و حەیسیەتی یەکێتیانەی درابوو، جەماوەرێکی زیندوو، جۆش و خۆشدراوی ئامادەی چالاکی جەماوەری گەورە بوون. جەماوەری یەکێتی حەشیمەت نەبوو، جەماوەری یەکێتی کۆی یەکێتییەکان، کۆی لایەنگرو دۆستەکانی یەکێتی بوون، بەڵام هەر یەکەیان بەناو و ناونیشانی خۆیانەوە. بەئیرادەی زاتی و ویستی هەریەکەیان بۆ چالاکی دەستەجەمعی و هەڤاڵێتی بۆ یەك ئامانجی هاوبەش.

ئەندامی حزبەکان لەبانگێشتکردن و لەمامەڵەی حزبیانە لەگەڵ یەکتردا هەڤاڵی یەکترین و پێکەوەیان کۆی هەڤاڵان پێکدێنن. بەڵام روو دەدا بەهۆی تێپەڕینی رۆژگار و زاڵبونی مەیلی بیروکراتییەوە، وشەی هەڤاڵێتی

لەبانگێشتکردندا بمێنێت، بەڵام لەکرداردا وشەیەکی بێ گیان بێت و وردە وردە کاڵببێتەوەو درەوشانەوەی نەمێنێت. لابردنی گەردی زیزبوون و تەوەللابوون بە زیندووکردنەوەی مانای هەڤاڵێتی و ختوکەدانێکی ڕەوانی ماناو. ناونیشانی هەڤاڵێتی دەستپێدەکات، ئینجا بۆ شتە گەورەکان باز دەدات.

زیندووکردنەوەی وشەو مەغزای هەڤاڵێتی بوژاندنەوەی نەریتی کلاسیکی حزبایەتی، یان گەڕانەوە بۆ حزبایەتی بەر تەسك نییە وەکو دەشێ هەندێك، بەهۆی هەڵمەتێکی خاچپەرستانەوە دژی حزبایەتی، لێی تێبگەن. گوایە لەکۆمەڵێکی دیموکرات و ئازاددا ئەم وشانە سواون و پاساون بۆ حزبایەتی تەسك و دابەشکردنی خەڵکی بەسەر حزبی و ناحزبیدا. نەخێر! ئەسڵەن لەکۆمەڵی دیموکرات و ئازاددا، لەکۆمەڵی ململانێی سیاسیی یاسامەند و مەدەنیدا، حزبایەتی و هەڤاڵێتی لە حزبێکدا بۆ ئامانجی هاوبەش چاکترو جوانتر دەگەشێتەوە. کۆمەڵی دیموکرات کە هەر وێستگەیەکی ئیستحقاقی هەڵبژاردن ململانێی نێوان حزبەکان و کەمپینی هەڵبژاردنی گەرمتر دەکات، کۆمەڵێکە لەسەر بنچینەی گەمەی حزبایەتی و پێشبڕکێی دیموکراسیانەی بەرنامەی حزبەکان، لەهەڵبژاردندا، دامەزراوە. لەهەڵبژاردن و دیموکراسیشدا تاکە کەسەکان بەو سیفەتەی هەر یەکەیان دەنگێکەو هەر دەنگێکی کاریگەریش دەتوانێ یەك بەیەکی کەسەکان هانبدات بۆ دەنگدان و بۆ سەرختنی بەرنامەی

حزبی دڵخواز، جەوهەری کەمپینی هەڵبژاردن و کەمپینی کۆکردنەوەی پشتگیریی بۆ حزب پێکدێنن.

موخاتەبەی گیانی هەڤاڵێتی لەناو یەکێتیداو بەسەرکردنەوەی هیمەت و جۆشی یەك بەیەکی هەڤاڵەکان، گواستنەوەی چەمکی یەکێتیایەتییە بۆ قۆناغێك کە لەگەڵ شێوەی هاوچەرخی خەباتی دیموکراتیدا بگونجێت. هەروەك جێبەجێکردنی بەشێکی راسپاردەکانی کۆنگرەی یەکێتییە کە لە راپۆرتی سیاسیی هەڤاڵ سکرتێری گشتی و لەگفتوگۆی لیژنەکانیشدا هەڵوەستەی کرد لەئاستی دیاردە نوێکانی کۆمەڵی کوردەواری، لەوانەش دیاردەی سەروەربوونی رۆڵی تاکەکان و ئازادیی تاکەکان. بەتایبەتیش ئەم چەمکە لەئەندێشەی نەوەی نوێدا شوێنێکی شایانی داگیرکردووەو یەکێتیش کە حزبێکە دەربەستی ئایندە دێت، مەبەستێتی تەجاوب لەگەڵ ئەم دیاردە نوێیانە بکات و باشەکانیان بخاتە خزمەت ستراتیژی نوێی خەبات و خراپەکانیشیان، بە پێی سەرەتای سەلماندن و دیالۆگی رەوا و رەوان ، لەقاو بدات.

ئێمە لەم یادەی یەکێتییەوە شاهیدی سەرهەڵدانەوەی جەماوەریێتی یەکێتیین لەشێوەی چەندایەتی و چۆنایەتیشدا، چونکە هەڤاڵەکان هەر یەکەیان لەئاستی خۆیەوە شان دەداتە بەر ئەرکی سەرشان، جا ئیتر ئەرکی پێدراو بێت، یان ئەرکی خۆڕسك کە گەلێك نمونەی ئەرك راپەڕاندنی

خۆڕسکمان لەچالاکییەکانی ئەو یادەدا بینی.

یەکێتی لەقۆناغی نوێی جۆشدانەوەدا بانگەوازی بۆ ئەی هەڤاڵی سەربەرز بوو، نەك ئەی هەڤالان. چونکە سەربەرزی دەستەجەمعی و شانازیی جەماوەری لەسەربەرزی و ئیرادەی تاکە کەسەکان: هەڤاڵێك و هەڤاڵێکی ترو هەڤالانی دیکەوە، دەستپێدەکات. ئەمەش هەم ئامانجی سازدانەوەی کۆمەلانی خەلْك جێبەجێ دەکاو هەمیش تێری پێویستی قۆناغی ئازادی و ئیرادەی تاکەکەسی دەکات.

کەوا بێ هەمیشە سەربەرزبە، ئەی هەڤاڵی یەکێتی بۆ ئەوەی هەمیشە یەکێتی سەربەرزو جێی شانازی بێت.

# کۆنگرەی پێنجەم!

لە دەمی کۆنگرەی سێیەمدا نووسیم (کۆنگرەی چوارەم کەی دەبەسترێت؟-کوردستانی نوێ ژمارە ٥١٨٦ لە رۆژی ٢٧-٥-٢٠١٠) هەڤاڵ مام جەلال بە توانجی خۆشییەوە وتبووی: رۆڵە جارێ با کۆنگرەی سێیەم بکەین!

لە کۆنگرەشدا مەودای نێوان دوو کۆنگرە، داخۆ دوو یان سێ ساڵ بێت؟ گفتوگۆی زۆری لەسەرکرا. لایەنگرانی دوو ساڵ پێیان وابوو چونکە نێوان کۆنگرەی دووەم و سێیەم ماوەیەکی زۆربوو(٢٠٠١-٢٠١٠) ئەوا دوو ساڵ بۆ قەزاکردنی نوێژی لە دەستچوومان چاکترە، بەڵام وا دوو و سێ ساڵەکەش تێپەڕین.

دیسانەوە با بپرسینەوە: کۆنگرەی پێنجەم کەی دەکرێت؟! یانی هەنگاوێك لە پێش بین وەکو گەشبینییەك بۆ هاتنە

سەر ڕێی ئیستحقاقی دیموکراتی ناوخۆیی. بیرۆکەی وتارەکەی ئەوسام لەسەر وادەی کۆنگرەی چوار و ئێستاش لەسەر پێنجەم، بۆ ئەوەبوو لەسەر وێستگە دیموکراتییەکانی حزبایەتی رابێین. دەموت با کۆنگرە وا ئاسایی بکەینەوە وەك كێبڕکێی سالانەی شاجوانی لێبێت، ئەو تەشبیهەشم بریندا ربوو کە بیستم گوایە خانمی جوانییش دوو ساڵی بۆ درێژکراوەتەوە،وەڵلاهوئەعلەم!

ئەگەر ئێمە نەریتی پابەندنەبوون بە وادەی کۆنگرەکانەوە جێگیربکەین، ئاساییە لە ئێستاوە بزانین پێنجەمو شەشەمیش کەی دەکرێت؟

دەزانم کۆنگرەی هەستیاری حزبێکی گەورە هەر بەرواڕو ژمارە نییە، کەسیش وا خەیاڵی خاو نییە پێی وابێ هەروا بە ئاسانی تێدەپەڕێت. بەڵام ترسی دڵ هەتا دێت گەورەتر دەبێت ئەگەر بەو بیانووەوە دۆخەکە بە کاتێکی فول گونجاو بسپێرین کە پلەی گەرماو فێنکی تێیدا نموونەیی بێت. قەدەری حزبە مێژووییەکان وا نییە هەموو شتێکیان نموونەیی بێت، ئینجا دەستبدەنە مێژوو دروستکردن. ڕێیەکی شاهانە نییە بۆ خەبات، تەنانەت بۆ خەباتی دیموکراسیی دەروون حزبیانەش.

ترسی واقیعی لەو شتەی لێی دەترسین یاخود ترسسازی، نابنە یارمەتیدەری ڕەواندنەوەی دوودڵی لە نەبەستنی کۆنگرە. بە پێچەوانەوە، دواخستنی ترسەکەیە تا سبەی

دەبێ بە نرخێکی گرانتر چارەسەر بکرێت.

وەفاداری بۆ وادەی کۆنگرەکان دیاردەیەکی دیموکراتییە بۆ حزبی ناو ئەزموونی دیموکراتی کە چوار ساڵ جارێك کاندیدی هەڵبژاردنە گشتییەکان دەخاتە بەردەم خەڵکەوە. چۆن خۆمان لەو شتە بدزینەوە کە لە هەڵبژاردنەکاندا هاووڵاتیان دەخەینە بەردەم بەرپرسیارێتی دەنگدانەوە؟ ئاخر تەنها حزبە دیموکراتەکان گەشە بە دیموکراسی دەدەن.

بۆ هەر وێستگەیەکی هەڵبژاردنی گشتی و هەر قۆناغێکی نوێی تێکۆشان یەکێتی پێویستی بە وەرگرتنەوەی تەفویز هەیە لە ئەندامەکانی. دواکەوتن لەم ئیستحقاقە پەستانی نەوەکان دروست دەکات و تەفویزی سەرکردایەتییش کاڵ دەکاتەوە، با لەوەش گەڕێین کە کێ دەخوازێ خۆی هەڵبژێرێ؟ بەڵام ئەندامێکی یەکێتی ئەگەر تەنانەت سەرکردایەتییەکەی خۆشی خۆش بوێت، هێشتا ئەو مافەی هەیە سەرلەنوێ بێنەوە لای و داوای متمانەی لێ بکەنەوە.

وایە! راستە کە تەکەتول ناهێڵێت ئەم دۆخە ئایدیالە هەبێت، بەڵام نەبوونی ئەم دۆخە ئاساییەی دیموکراسییە وایکردووە تەکەتولی ئاسایی ببێتە (تەکەلوس)، چۆن دەستی لێ بدەیت گەچەکە دەشکێت.

***رۆژنامەی ئازانس، سەرەتای ئابی ٢٠١٦**